# کۆستی دیاسپۆڕا و سۆزی نۆستالژیا
# لە قەسیدەی"خەدیجە گوڵاوی"ـی
# ماردین ئیبراهیمدا

**پ. ی. د. کارزان موحسین قادر**
بەشی کوردی ــ کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەڵاحەددین
karzan.qader@su.edu.krd

**م. ی. ڕێحان ڕەسول ئەحمەد**
بەشی کوردی ــ کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەڵاحەددین
rehan.ahmed@su.edu.krd

**وشە کلیلییەکان:** دایاسپۆرا، نۆستالژیا، نیشتمان، شوێنکات، کۆچ.
الکلمات الرئیسیة: دایاسبورا، الحنین، الوطن، الزمکان، الهجرة.
Keywords: diaspora, nostaligia, homeland, time and place, Immigration

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (کۆستی دایاسپۆڕا و سۆزی نۆستالژیا لە قەسیدەی "خەدیجە گوڵاوی"ــی ماردین ئیبراهیم)ـدایە. لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم، دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت بە ناونیشانەکانی دایاسپۆڕا لەنێوان گیرسانەوە و نەگیرسانەوە لە نیشتمانێکی تر، نۆستالژیا لەنێوان مانەوە لە بازنەی ڕابردووخوازی و ڕێکردن بۆ ئێستا و ئایندە. سەرلەبەری بەشی دووەمیش بریتییە لە پراکتیزەکردنی کۆستی دایاسپۆڕا و سۆزی نۆستالژیا لە قەسیدەی نێوبراوی ماردین ئیبراهیم دا. مەسەلەی دایاسپۆڕا و نۆستالژیا لە چوارچێوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی و شیعری هاوچەرخدا پانتاییان بەرفراوانە، پەیوەستیشن بە چەندین مەسەلەی هەستیاریی وەک: ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمان و ڕەهەندی ڕامیاری و جڤاکی و ئابووری و کولتووری و... هتد.

# کۆستی دایاسپۆڕا و سۆزی نۆستالژیا
# لە قەسیدەی "خەدیجە گوڵاوی"ـی ماردین ئیبراهیم دا

## پێشەکی:

بەشێوەیەکی گشتی مەسەلەکانی دایاسپۆڕا و نوستالژیا، دوو بابەتی دیار و کاریگەری نێو ئەدەبی کوردین. ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی کوردستان لە کۆنەوە و ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ڕۆماننووس و شاعیرێکی وەک ماردین ئیبراهیمیش نەیتوانیوە خۆی ببوورێت لە ڕەنگدانەوەی مەسەلە و بابەتی دایاسپۆڕا و نۆستالژیا، پاڵنەری بەهێزی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "ماردین ئیبراهیم" سەرگەردانی نیشتمانێکی تر دەبێت و لە وێستگەیەکی ژیانی دایاسپۆڕا هەڵدەبژێرێت و دایاسپۆرا دەبێتە نیشتمانێکی تری، بەڵام بە بێ ئەوەی ئۆقرە بگرێت. گیرسانەوەشی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە دایاسپۆڕا وا دەکات بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی بە کوڵ و قووڵی نۆستالژیاوە، نۆستالژیا بۆ شاعیر دەبێتە سۆزێکی گەرموگوڕ و بەکوڵ، سەرچاوەی ئەم سۆزە گەرموگوڕ و بەکوڵەی نۆستالژیاش بۆ دایکی دەگەڕێتەوە. دەشێت ئەو دایکە واتایەکی بەرفراوانتر و مەودایەکی دوورودرێژتری هەبێت لەو واتا فەرهەنگییەی کە وشەکە هەیەتی. بۆیە شاعیر لە دووتوێی قەسیدەیەک بە ناونیشانی "خەدیجە گوڵاوی"ــی دایاسپۆڕا و نۆستالژیا بە یەکترەوە شەتەک دەدات، خوێنەر وا هەست دەکات نە دایاسپۆڕایەک بوونی هەیە بە بێ نۆستالژیا، نە نۆستالژیایەک مانای هەیە بە بێ دایاسپۆڕا.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (کۆستی دایاسپۆڕا و سۆزی نۆستالژیا لە قەسیدەی "خەدیجە گوڵاوی"ــی ماردین ئیبراهیم دا)، کە هەوڵێکە بۆ توێژینەوە و وردبوونەوە لە مەسەلەکانی دایاسپۆڕا و نوستالژیا و کاریگەرییان لەسەر خوڵقاندنی چامەکە لەلای ماردین ئیبراهیمدا.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

چامەی "خەدیجە گوڵاوی" یەکێکە لە چامە دیار و دڵنشینەکانی نێو دنیای ئەدەبی کوردی، تا ئێستا لە دووتوێی توێژینەوەی زانستیدا و لە نێو دنیای ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، تیشکی نەخراوەتە سەر و هەوڵ و کۆششی زانستییانەی نەبینیوە. ئەمەش کرۆکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنێت.

**سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە چوارچێوەی کۆشیعری ( تۆ مەچۆ بۆ شەڕ)ـی ماردین ئیبراهیمدایە، بە ورد و دیاریکراویش قەسیدەی (خەدیجە گوڵاوی).

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا تەنیا پشتمان بە میتۆدی (وەسفی) شیکاری بەستووە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم، کە دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت، بریتییە لە باسکردن لە دایاسپۆڕا و نۆستالژیا. بەشی دووەمیش بریتییە لە پراکتیزەکردنی هەریەکە لەم دوو چەمکە لەنێو قەسیدەی "خەدیجە گوڵاوی"ی ماردین ئیبراهیمدا.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم/ دیاسپۆڕا گیرسانەوە و نەگیرسانەوە لە نیشتمانێکی تر

بێگومان کاتێك لە چەمکی دیاسپۆڕا  ڕادەمێنین، هەست بە جۆرێك لە ئاڵۆسکاوی و تێکچڕژاوی و فرە ڕەهەندی و مەبەستەکانی دەکەین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چەمکی دیاسپۆڕا بارگاوییە بە چەمك و بوار و پسپۆرگەلی جیاجیاوە، لە نێویشیاندا دنیا و بواری هزر و فەلسەفە و نەتەوە خوازی و ڕامیاری و جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی و کولتوور و ئەدەبەوە .... هتد. (وشەی دیاسپۆڕا لە شارستانێتی گریکییدا پێکهاتووە لە دایا= لە دەرەوەی، زێتر، لەپاڵ دایا، سپیرۆ دێت، سپیرۆ= بە واتای نیشتەجێبوون و نیشتەجێکردن). (یعقوب،٢٠٠٧، ٤٣). دەشێت گەر ڕووکەشییانە لە  دیاسپۆڕا  بڕوانین تەنیا پەیوەستی بکەین بە مەسەلە و بابەت و پرسی (شوێن)ــەوە، لە کاتێکدا دیاسپۆڕا پەیوەستە بە (کات)ــیشەوە. کەواتە چەمکی دیاسپۆڕا بە چەمکی ( شوێنکات )ــەوە شەتەکدراوە، ئاشکراشە چەمکی (شوێنکات)ــیش مەودا و بەرفراوانییەکەی  لە دیاسپۆڕا زێتر نەبێت، کەمتر نییە. ئەمەش بەم واتایەی دیاسپۆڕا (گوزارشت لە جیۆگرافیای دەرەوەی سنوورەکانی نیشتمان دەکات لە کات و ڕۆژگار و سەردەمێکی دیاریکراودا، لە هەمان کاتدا گەڕان و دۆزینەوە و ڕاگیربوونە لە نیشتمانێکی تر بە ئامادە و بوونی کات و ڕۆژگار و سەردەمێکی تر). (ابراهیم، ٢٠١١، ٧)

بێگومان ئەم گەڕان و دۆزینەوە و ڕاگیربوونە لە نیشتمان و سەردەمێکی تر، دەبێت بە پرۆسە و پرس و بابەتی کۆچ و سەفەر و سەرهەڵگرتن و ئاوارەبوون و نامۆبوون و تۆران و زویربوون و ڕاکردن و جێهێشتن و سەرگەردانبوون و دەرپەڕین و دڵڕەنجان و دەرچوون لە زێد و نیشتمان تێپەڕببێت، دیاسپۆڕا تۆ و ماکی گۆڕانکاری لە خۆیدا هەڵگرتووە ئەمەش بەو واتایەی لە دیاسپۆڕا گۆڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە خودییەکانی و گۆڕانکاری لە کولتوور و داب و نەریت و زمان و ویژدان و دنیابینی ڕوودەدات. ئەوانەی دیاسپۆڕا هەڵدەبژێرن زۆربەیان سەر بە نەتەوەی ژێردەستەن، دەیانەوێت خەونەکانیان لە سنووری نەتەوەی سەردەستە بەدی بێنن. لە کاتێکدا مەرج نییە ئەم خەونانە بێنە دی و ئۆقرەیی و دڵنیایی بۆ

کەسەکە فەراهەم بکەن، لە هەمان کاتدا دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین لەوانەیە کەسەکە دووچاری بێ ناسنامەیی و لە دەستدانی ئەرزش و پیرۆزییەکان ببێتەوە و بەرگەی فشاری ئەم هەموو سووتان و تولانەوە و توانەوەیە نەگرێت.

کەواتە بۆ یەکەم جار لە لایەن شارستانێتی گریکی بەکارهێنراوە، واتا و مەبەستی دایاسپۆڕا لە چوارچێوەی ئەم شارستانییەتەدا ئەوەیە: ئەو کاتەی گریکییەکان وڵاتێکیان داگیرکردووە بە ڕزگارکردنی ناویان دەبرد و دەیانناساند و دواتر قەڵەمڕەوی خۆیان بەسەردا سەپاند. (تاراوگەبوون لەژێر هەژموونی دۆخی هۆشیارییدا، بۆ تاراوگەبووانی تاکی کوردیش حاشاهەڵنەگرە، لە مێژووی کۆن و نوێی کورد، هەردەم دۆخی هۆشیاری لەسەر دۆخی ڕۆشنبیری و کایەی نووسیندا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە، تەنانەت شاعیر و نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا ڕاستییەکانیان دەرخستووە، کۆژانی دۆخی کۆمەڵایەتییان گوزارشت لێکردووە). (عزیز، ٢٠١٩، ٤٦).

دایاسپۆڕا، گوزارشتە لە کۆچ و سەرگەردانبوونی ئەو میللەتانەی کە لە نیشتمانی خۆیان کۆچیان کردووە بۆ ناوچە و نیشتمان و جیۆگرافی جیاجیا، ئەو میللەتانە بەسەر ناوچە و نیشتمان و جیۆگرافیا جیاجیاکان دابەش بوون. (لەگەڵ ئەوەشدا کارلێکی ئەرێنی لە نێوانیاندا هەیە لە پێناو گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمان و وڵات). (ابراهیم، ٢٠١٢، ٣١).

ئەمەش بەو واتایەی زاراوە و چەمکی دایاسپۆڕا کۆچ و سەرهەڵگرتنی بە کۆمەڵ دەگرێتەوە، لەسەر ئاستی نەتەوە و ئایین و کولتوور و کۆهەست و نەستی جیا زێتر بەرجەستە دەبێت، نەوەك لەسەر ئاستی تاکەکەس و خێزان و دەستە و گرووپێکی دیاریکراو. ئەو میللەتانەی دووچاری دایاسپۆڕا بوونەتەوە بریتین لە ئاشووری، جوو، ئەمازیخی، فەلەستینی، چەرکەس، ئەرمەن، چیچانی، داغستانی و کورد. بەشێك لەم میللەتانە خاك و نیشتمان و سنووریان هەیە، بەڵام دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، لە نێو دەوڵەتێك، یان یەکەیەکی کارگێڕی و ڕامیاری دەژین کە گوزارشت لە ڕەگ و ڕیشە و ڕەسەنێتی ئەوان ناکات، بێگومان دەسەڵاتێکی کارگێڕی و ڕامیارییش هەوڵی چەوسانەوە و توانەوەیان دەدات.

له‌نێو ئه‌م چوارچێوه‌یه‌شدا نه‌ته‌وه و میلله‌تی کورد گه‌وره‌ترینیانه، که یه‌که‌یه‌کی کارگێڕی و ڕامیاریی سه‌ربه‌خۆ و تایبه‌ت به خۆی نییه ژماره‌یان له نێوان "٣٥ ـ ٥٥" ملیۆن ده‌خه‌مڵێنرێت، به‌سه‌ر ناوچه و جوگرافیای جیاجیای جیهان دابه‌ش کراون. ئاشکرایه هۆکار و پاڵنه‌ری ئه‌مه‌ش بابه‌تی و خودیین. (خود و شوێن، خودی کوردی تا ئه‌م دواییه‌ش ڕه‌نگدانه‌وه‌ی تۆبۆگرافیای عاسێی کوردستانی له‌سه‌ر هه‌بووه. ئه‌و تۆبۆگرافیایه بواری بۆ به فیدراسیۆنبوونی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی ته‌نگ کردبۆوه و هه‌ربۆیه‌ش به‌یه‌ك نه‌گه‌یشتنی گرووپه کۆمه‌ڵایه‌تی و ئۆرگانه‌کانی تێکه‌ڵی یه‌کتر نه‌بوون و هه‌ر ئه‌و دۆخه‌ش بواری نه‌داوه فیکری کوردی له ڕووبه‌ری ناوچه و هه‌رێمی بچووك بچووك تێبپه‌ڕێنێ). (حوسێن،٢٠١٢ ، ٣٦).

دایاسپۆرا، هێنده‌ی په‌یوه‌ندی به دیوه په‌نهان و نیازه‌کانی مرۆڤه‌وه هه‌یه، هێنده په‌یوه‌ندی به سه‌روسیما و ڕوخسار و شێوه و ڕه‌نگی مرۆڤه‌کانه‌وه نییه، ئه‌وه‌ش ئه‌وه‌نده‌یتر ڕاز و ئه‌فسوونی دایاسپۆرای ئاڵۆز کردووه، هه‌ندێك جار به‌ره‌و ئاقار و ژیان و ژینگه و ژیاری نادیار مرۆڤه‌که ئاڕاسته ده‌کات، له کاتێکدا له سه‌رده‌م و قۆناغه‌کانی دیرۆکی زوودا هه‌میشه مرۆڤ له جووڵه و بزاوت و نه‌سره‌وتن و گۆزه‌گۆز و کۆچه‌رییدا ژیان و گوزه‌رانی ڕاییکردووه، ئه‌وه‌نده په‌یوه‌ست نه‌بووه به چوارچێوه و سنووره مرۆڤکـرده‌کانه‌وه، مرۆڤ  هه‌رگیز ئه‌و ژیانه‌ی له لا په‌سه‌ند نه‌بووه که له چوارچێوه‌ی سنوورێك  له قاڵب بدرێت و به بارودۆخ و هه‌لومه‌رجی جیاجیا به ناوی سه‌روه‌رییه‌کانی سنووره‌وه و جا له ژێر هه‌ر کۆت و به‌ندێکدا بێت ده‌ستبه‌سه‌ر بکرێت. که‌واته لێره‌دا ئه‌وه ڕێسا و یاسا ڕامیاری و ئابووری و کارگێڕییه‌کانن مرۆڤه‌کان به (شوێنکاتێك)ـی دیاریکراو ده‌سپێرن. ئه‌گه‌ر مرۆڤه‌کانیشیان به دڵ نه‌بێت زه‌مینه‌ی دایاسپۆرای بۆ ده‌سازێنن، دووچاری هه‌ڵکه‌ندن و سه‌رگه‌ردانبوون و غه‌واره‌بوونی ده‌که‌نه‌وه، به دووره‌وڵاتی ئاشنا و به مانه‌وه له وڵات نامۆیان ده‌که‌ن. (له زۆر مه‌سه‌له‌ی په‌یوه‌ست به مرۆڤه‌وه کات و شوێن دوو مه‌سه‌له‌ی هه‌ستیارن. له کۆنه‌وه تا ئێستا ئه‌م بواره کات و شوێن جێگه‌ی بایه‌خی فه‌یله‌سووف، ئه‌دیب و پێغه‌مبه‌رانیش بووه). (ئیبراهیم ، ٢٠١٠، ١٧)

بێگومان دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان واقیعی سەپێنراوی دایاسپۆرا، لەگەڵ واقیعی بژاردەی دایاسپۆرا، واقیعی سەپێنراوی دایاسپۆرا، واقیعێکی تاڵە مرۆڤــەکە بە ناچاری ئەم جۆرە ئەزموونەی ژیان و گوزەرانکردن لە پێناوی بەردەوامی و مانەوە تاقی دەکاتەوە، لەم ڕووەوە هۆکار و پاڵنەرەکانی زۆربەی دەرەکین و واقیعین. (ئەمەش خودی دەستدرێژییە بۆ سەرەوەریی مرۆڤەکان و گەشتێکە بۆ دەرەوەی نیشتمان بە حەز و خولیا و خواستی مرۆڤــەکە نابێت). (زلط،١٩٩٩ ، ٢٦). ئاشکرایە هۆکار و پاڵنەرەکانی دایاسپۆرای بژاردەش زۆرترینیان ناوەکیین، کە لە هەردوو واقیعەکەدا مرۆڤەکان بە چەشنی جیا داکۆکی و بەرگری و گوزارشت لە هەبوون و مرۆڤبوونیان دەکەنەوە، لە کاتێکدا سەرزەمین و ژێرزەمینیان تەواو لەیەکتر جیایە، هەریەکەیان بە جیا مەبەستیانە خۆیان بگونجێنن. (ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی واقیعی سەپێنراوی دایاسپۆرا، هۆشیاری و گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە دەرەوەی سنووری نیشتمان دەبینێتەوە، کەچی واقیعی بژاردەی دایاسپۆرا، هۆشیاری و گۆڕانکاری و خاڵی وەرچەرخان لە سنووری نیشتمان دەبینێتەوە، تەنانەت بە ئەو پەڕی شانازی و سەرسامییەوە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی دایاسپۆرا بۆ نیشتمان دەگوازێتەوە، کە ئەمەیان دایاسپۆرایەکی کاتی و بەشەکییە، بە بەراورد بە دایاسپۆراکەی تریان کە گەلێ جار خۆی لە هەمیشەیی و هەمووەکی بوون دەبینێتەوە). (الدباغ، ٢٠٠١، ١٩).

نووسەر و ئەدیبانی دایاسپۆرا، مەبەستیانە سەرلەنوێ لە ڕێی قووڵاییەکانی زمان و پانتاییەکانی ئەدەب بەهاکانی نیشتمان و هاونیشتمانیبوون بدۆزنەوە و هیوا و ئومێد بچێنن و ناسۆری و کۆژانەکان سنووردار بکەن. کەواتە لێرەدا هەم زمان و هەم ئەدەبیش وەك سەکۆیەکی کاریگەر داکۆکی و بەرگری لە ناسنامەی نیشتمان و هاونیشتمانییان دەکەن، بۆیە لێرەدا پێگە و ڕۆڵی زمان و ئەدەب بەرهەمهێنانەوەی هۆشیارییە، ئەم هۆشیارییەش ڕووی ڕاستەقینە و هەقیقەتی کۆمەڵگاکە بە چەشنێکی ڕوون و جوانتر پیشاندەدات. (زمان کە بنچینەی سەرەکی نەتەوەیە و ڕۆڵەکانی نەتەوە لە یەك نزیك دەکاتەوە). (مەعروف،٢٠٠٧، ٢٠).

له سۆنگەی ئەوەی پێگە و ڕۆڵی زمان و ئەدەب لە دایاسپۆرادا گوازرشت لە جیۆگرافیا و سەردەمێکی دیاریکراو دەکات، بێگومان ئەم جیۆگرافیا و سەردەمەش هەبوون بە واتا بەرفراوانەکەی هەبوونی تاك، هەبوونی نەتەوە بە ئاشکرا تیایدا ڕەنگدەداتەوە و جاری تێڕوانین و تێهزرین و دنیابینی تازە دەدرێت. (لە بەرامبەر ئەمەشدا دەشێت دایاسپۆرا دۆخێکی ئێجگار ناهەموار بەسەر مرۆڤدا بێنێت، دووچاری شڵەژان و ئاڵۆزی و ململانێی دەروونی و خودی بکاتەوە، لێرەدا لەجیاتی ئەوەی دایاسپۆرا ببێتە شوێنکاتی گونجان و خۆدۆزینەوە، دەبێتە شوێنکاتی نەگونجان و توانەوە و خۆ ونکردن، بەمەش لە بری ئەوەی دایاسپۆرا دەستکەوت و بەرهەمی هەبێت، زیان و شکستی دەبێت، بەمەش ئەم شوێنکاتە گوزارشت لە خەونێکی بەدینەهاتوو و سەرزەمینێکی ئەندێشەئامێزی لەدەستچووە). (السراج، ٢٠٠٧، ١٠٣). کە ئەنجامەکەی دەشێت تێکشکانی حەز و خۆزگە و خولیا و ئارەزوو و ویست و هەست و نەستەکانی مرۆڤەکە بێت، دایاسپۆرا لە وێنای بەهەشتێکەوە دەبێت بە دۆزەخێکی بێ بن، لەباتی ئەوەی مافە ڕەواکانی بێننەدی، کار و ئەرکەکانی سەخت و دژوارتر دەبنەوە، بەمەش دایاسپۆرا لە پانتایی دۆزینەوەی گوزەران و ژیانێکی شایستەوە بۆ پانتایی بێ ماڵ و حاڵی و مەرگ دەگۆڕێت.

دایاسپۆرا، بە شانۆی ڕووداوەکانی ململانێ و بەریەککەوتنەکان دادەنرێت، ئەوەی لە دایاسپۆرا بە جۆرێك لە جۆرەکان دەگیرسێتەوە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە بە هۆشیارییەوە بێت، یان ناهۆشیاری هەر هیچ نەبێت کار بۆ ئەوە بکات بەشێك لە زمان و کولتوور و ژیان و ژیارە ڕاستەقینە و ڕەسەنەکەی خۆی بپارێزێت، لە پێناوی لەق نەبوون و ون نەبوونی ناسنامە نەتەوەییەکەی خۆی، گەر بە خەو و خەون و خەیاڵیش بێت خۆی بە سەردار و سالار و پاڵەوانی نیشتمانەکەی دەزانێت، هەندێك جار لەوانەیە بە جەستە لە دایاسپۆرا بێت، بەڵام بە ویژدان و دڵ و گیان هەر لە چوارچێوە و سنووری نیشتمانەکەی نەترازاوە.

دایاسپۆرا، زەمینەسازییە بۆ کارلێکی نێوان دوو ئاوەز و ژیار و شارستانی، لەم نێوەندەدا بەرهەم و شوێنەوارێك دەسازێت کە خەسڵەتی هەردووکیان هەڵدەگرێت و ڕێك لەوانیش ناچێت، بەرهەم و شوێنەوارێك کە جیاواز بێت لە

هەردووکیان. (ئەو مرۆڤانەی لە دایاسپۆرادا دەمێننەوە زۆربەیان خاوەندارێتی جووت "زانین =معرفە" دەکەن، زانینێکیان سروشتییە لە ناوەوەی سنووری نیشتمان وەریگرتووە، ئەویتریان زانینێکە لە ڕێی کۆچەوە لە دەرەوەی سنووری نیشتمان بەریەککەوتنی لەگەڵدا دەبێت، بەمەش دایاسپۆرا بۆ مرۆڤەکان هەندێك جار جیۆگرافیایەکی دۆست و یارە، هەندێك جاریش گوزارشتە لە جیۆگرافیایەکی دوژمن و نەیار). (الجیوری، ٢٠٠٧، ٤٥).

پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە و گەیاندن، وایانکردووە دابڕانێکی یەکجارەکی لە نێوان دایاسپۆرا و نیشتمان نەسازێت، لە کاتێکدا لە پێش ئەم سەردەمەدا مەودا و پانتایی نێوان نیشتمان و دایاسپۆرا ئێجگار فرە بووە، کە ئەمەش وایکردبوو دابڕانێکی گەلێك دژوار بوونی هەبێت، کە ئەمەش جۆرێکە لە کاڵکردنەوەی ئەو سنووربەندییەی لە نێوان نیشتمان و دایاسپۆرادا هەیە. (دایاسپۆرا زۆربەی جاران مرۆڤەکان لە دنیای نامۆبوون جێدێڵێت، مرۆڤ لە دایاسپۆرادا وا دەزانێت ئەوانەی لە دەوروبەری ئەون هەمووی نامۆن بە مرۆڤــ، لە کاتێکدا خودی مـرۆڤەکــە، نامۆیە بە دەوروبەرەکەی و پێشکەوتنە هـەمـەچەشنەکانی). (طحطح، ٢٠١٩، ٦٩).

دەشێت دایاسپۆرا هەڵ و دەرفەتی زێڕین بۆ داهێنەران بڕەخسێنێت، بە تایبەت ئەو داهێنەرانەی بەرهەمهێنەری هزر و فەلسەفە و دەقی ئەدەبین، ئەمەش لەبەرئەوەی لە دایاسپۆرادا بە بەراورد بە نیشتمان ئازادییەکانی بیرکردنەوە بە ڕادەیەکی ئێجگار زۆر فەراهەمکراون، لە کاتێکدا لەوانەیە نیشتمان بۆ ئەو بەرهەمی داهێنەرانە زەمینەی لەباربردنیان بۆ بڕەخسێنێت، نەك زەمینەی داهێنان. کاتێك نووسەر و ئەدیب و داهێنەران  لە چوارچێوەی وڵات یاساخ دەکرێن، دایاسپۆرا بە باشترین شوێنگرەوە دەزانن، ئەمانە لەوانەیە گەڕانەوەی نیشتمانیشیان لێ یاساخ بکرێت، بەڵام نووسەر و ئەدەب و داهێنەران بەهۆی نووسین و دەق و داهێنان و بەرهەمەکانیان گەشت دەکەن و دەگەڕێنەوە وڵات و سەرلەنوێ بە زێدیان شاد دەبنەوە. بۆیە (دایاسپۆرا، دەبێتە مایەی ئەوەی کۆمەڵە کەسێك لە ڕێی دامەزراندنی دەستە و ڕێکخراو و ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری و کولتووری. گوزارشت لە بوونی

کۆمەڵایەتی ڕەسەنییان بکەن، سارێژی بەشێك لە خەمی دوورە وڵاتییان بکەن). (اسعد، ٢٠٠٠، ٣٥) دەشێت دایاسپۆرا، ببێتە مایەی جوانترین بەرهەمی هزری و ئەدەبی، کە گەلێ جار ئەستەمە ئەو بەرهەمە لە وڵات بوونی هەبێت، بێگومان ئەمەش لە گەرموگوڕیی ناخی داهێنەرەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە لەنێو نیشتمانێکی ترەوە بۆ نیشتمانەکەی، چونکە ئەوانەی لە دایاسپۆران، پەیوەندی ناپچڕێنن بە نیشتمانەوە، بە جەستە لە نیشتمان دابڕاون، بە دڵ و گیان بە نیشتمانەوە شەتەکدراون، لەگەڵ ئەمانەشدا بڕوا و باوەڕ و هیوا و ئومێدیان بەردەوامە بە گەڕانەوە بۆ نیشتمان هەیە. (نووسەر کائینێکە لەنێو کولتوور و کتێب و خوێندنەوەدا گەورە دەبێت و نەشونما دەکات. ئەو نووسەرە، یان ئەدیبەی لە کاریگەریی کولتوورییانە و لە کتێب دابڕێت، لەنێو بازنەیەکی داخراو و بەرتەسك دەخولێتەوە. چ بیرمەند و هونەرمەند و ئەدیبێکی داهێنەری جیهانی هەیە دابڕاو بووبێت لە نەریتە فیکری و ئەدەبییەکانی پێش خۆی، خۆ گەر هەشبووبێت دونیاکەی دونیایەکی فەقیر بووە). (بەرزنجی، ٢٠١١، ١٥٧).

بەشێك لەوانەی لە دایاسپۆرا دەژین، هەندێك جار هەستێکی قووڵی پەشیمانی و پاشگەزبوونەوە دایاندەگرێت لەپێناو خۆشەویستی نیشتماندا، پێیانوایە نیشتمان بە هەموو خەم و ناسۆری و ناخۆشییەکانی، خۆشترە لە دوورەوڵاتی. (تاراوگەبوون لەژێر هەژموونی دۆخی هۆشیاری، فرەڕەهەندە بەشێوەیەك لەهەر کۆمەڵگەیەك، یاخود سەردەم و قۆناغێك، دیاردەیەك خۆی دەنوێنێ جا دەشێ ئایین، زمان، کولتوور، نەریت، یاخود هەڵوێست وەرگرتن لە بەرانبەر دۆخی کۆمەڵگە، ڕۆڵیان لە دروستکردنی هۆشیاری هەبێت). (عزیز، ٢٠١٩، ٢٠).

## تەوەری دووەم/ نۆستالژیا لە نێوان مانەوە لە بازنەی ڕابردووخوازی و ڕێکردن بۆ ئێستا و ئاینده

نۆستالژیا، بە واتای پەرۆشی بۆ ڕابردوو، یان ڕابردووخوازی، لەوانەیە لە چرکەساتێکدا ئەو هەستە جوانانە بمانوروژێنن کە لەگەڵماندا ژیاون، لەوانەشە نەستمان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بەسەرهات و ڕووداوی ئازاربەخش و ناخۆش

بکاتەوە، لە هەردوو دۆخەکەدا ڕابردوویی ئامادەیی هەیە و زاڵە بەسەر ئێستا و داهاتوومان، حەز و ئارەزوومان بۆ هەستە جوانەکانی ڕابردوو دەبزوێت پێمانخۆشە بەردەوام بین لەگەڵیاندا، لە بەرامبەردا ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کە نەستمانی داگیرکردووە و دووچاری بێزاری و پەستبوونمان دەکەنەوە دەمانەوێت خۆمانیان لێ ڕزگاربکەین و بەجێیانبێڵین، چونکە بەهۆی ئەمانەوە خەم و ناسۆری تەنگمان پێهەڵدەچنێت، کە ئەمەش وایکردووە زۆر شت لە ژیانمان بە ڕەش ببینین و لە دەستیان بدەین.

نۆستالژیا، پەیوەستە بە شارستانێتی گریکەوە، چەمکەکە لە دوو وشەوە سەرچاوەی گرتووە (یەکێکیان (Nostos)، کە بە واتای ئازار و ناخۆشییەکانی ڕابردوو دێن، بیر لەم ئازار و ناخۆشییانە دەکەینەوە و ئاوەز و دڵ و دەروونمان ئازار دەدەن، دواتر ئەم ئازاردانە سەر دەکێشێت بۆ ئازار و ناخۆشیی جەستەیی. ئەویتریان خۆی لە وشەی (Algos) دەبینێتەوە، کە بە واتای گەڕانەوە دێت). (برقاوای،٢٠١٤، ١١).

بێگومان ئەو کاتەی زۆر ئارەزوو و پەرۆشی ڕابردووین و دەبێتە دیاردە لە ژیانمان، کاریگەری بەسەرمانەوە دەسازێنێت، کە ڕەنگە وابکات کاریگەری بەسەر کەسێتیمانەوە دروست بکات، مەرجیش نییە ئەوەندە بیرکردنەوە و پەرۆش و هۆگربوون بە ڕابردوو هەموو جارێك ئازار و ناخۆشی و کۆستی بە دواوە بێت. (بەڵکو جاری وا هەیە کەسێتیمان ئاڕاستە دەکات بۆ بە خودداچوونەوە و دەستنیشانکردنی خاڵی وەرچەرخان و بەرپابوونی گۆڕانکاری و خۆگونجاندن و زاڵبوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی ژیانماندا). (حنفی، ٢٠١١، ٥٤). پەرۆشبوون بۆ ڕابردوو خۆی لە گۆڕانکاری و پێکهاتنەوە و شادبوونەوە لەو شت و بابەتانە دەبینێتەوە کە لە دەستمان داون، دەمانەوێت سەرلەنوێ بە دەستیان بێنینەوە و بونیادیان بنێینەوە، لە لایەکی ترەوە پەرۆشبوون بۆ ڕابردوو خۆی لە لاساییکردنەوە و ڕەنگدانەوە دەبینێتەوە، مەبەستیش لەمە ئامێز بۆ ڕابردوو بکەینەوە بێ ئەوەی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان لە ژیانماندا هەبێت، بەرەو ڕێگا و شێوازێکی تازە ئاڕاستەمان بکەن.

(ئەم زاراوەیە سەرەتا پەیوەست بوو بە بواری پزیشکی و بە دیاریکراوی زانستی دەروونەوە، بۆ چارەسەرکردنی سەربازەکان بەکاردەهات، کە بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لە خێزان و وڵاتی خۆیان تووشی جۆرێك لە نەخۆشی دەهاتن. ئەمەش بە پێچەوانەی بیر و باوەڕی ئێمەوە، زاراوەی نۆستالژیا کە دەڵێن: حەسرەت بۆ ڕابردوو و هەستی دڵتەنگی و خەمی غوربەتە، لە دنیای شیعر و ئەدەبیات سەری هەڵنەداوە). (عەبدوڵلا،٢٠١٤، ٨).

نۆستالژیا، گەر بەشێوەیەکی تەندروست لە ژیانی تاکەکان ڕەنگبداتەوە بێگومان گەشبینی بە دوای خۆیدا دێنێت و چاوەڕێی داهاتوویەکی ئومێدبەخشی لێدەکرێت. (بەڵام لەوانەیە نۆستالژیا، ببێتە پەرچەکردارێك بۆ بیرکردنەوەی نەرێنی و شێوازی ژیانێکی خراپ. بۆ نموونە کاتێك ئازیز و دۆستێك لە دەستدەدەین، یان دووچاری دابڕانی پەیوەندیی سۆزداری، یاخود بۆ زێد و شوێن و جیۆگرافیایەکی تر هەنگاو دەنێین، ئەمانە و چەندین بەسەرهات و ڕووداوی کاریگەری تر ناچارمان دەکەن دەست و پەنجەکانمان نەرم بکەین لەگەڵ هەلومەرج و بارودۆخی نوێدا، بێگومان ئەمەش دەبێتە ئەزموونێکی تر لە ژیاندا کە پێشتر بەرکەوتنمان لە گەڵیاندا نەبووە، مەرجیش نییە سەرکەوتن ببێتە بەشمان). (ربیع، ٢٠٠٦، ٨٤). نۆستالژیا، کەم تا زۆر کاریگەری بەسەر هەموو مرۆڤێکەوە هەیە بە بێ جیاوازیی زایەند و پێگەی کۆمەڵایەتی و باری دارایی و ئاستی ڕۆشنبیری ... هتد، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە هۆکاری خودی و بابەتی نەبن بۆ ئەوەی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و ڕێژەکەی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر نەگۆڕێت. (هەندێك جار نۆستالژیا دەرفەتێك بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت کە بیر لە کەم و کوری و نەنگی و هەڵەکانی رابردوو بکەینەوە و پەند و ئامۆژگاری و وانەی گرنگیان لێوە فێربین، بۆ هەنگاوی ڕاست و دروست ئامادەمان بکەن). (مغنیة، ٢٠٠٤، ١٢٧). لە هەمان کاتدا نۆستالژیا، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بچنە قووڵایی کەسێتییان و خۆیان چاك و زێتر بناسن، بۆ ئەوەی بە گڕوتینێکی بەهێزەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکانی ببنەوە و بۆ ئەوەی جڵەوی ئەو گۆڕانکارییانە بە دەستی خۆیان بێت نەوەك بە دەستی ئەوانی ترەوە، بێگومان ئەمەش زەمینەی لەبار

دەرەخسێنن بۆئەوەی کۆسپ و لەمپەرەکان تێکبشکێنرێن و نوێبوونەوە و پەرەسەندن و پێشکەوتن جێگەیان بگرنەوە. ناکرێت بە ڕەشبینییەوە لە نۆستالژیا ڕابمێنن، نۆستالژیا هەر لە حەسرەت و ئاخ و لەدەستدان و داتەپین و نائومێدی بچووك بکەینەوە، بەڕ چەشنە بیرکردنەوە لە نۆستالیژیا هەست و نەست و سۆزە گەرم و جوانەکانمان لەکەدار دەکەین و پانتاییەك نامێنێتەوە بۆ گەشبینبوون و خەوبینین بە داهاتووەوە.

(هەندێك لە سەرچاوەکان نۆستالژیا تەنیا پەیوەست دەکەن بە گەڕانەوە بۆ نیشتمان و ئاخ و حەسرەت و ژانی دووره وڵاتی، ئەمەش بەو واتایەی نۆستالژیای نووسەر و داهێنەران لە کۆهەست و نەستەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و جۆشی سەندووە). (شقیرات، ١٩٩٩، ٩٦). لە کاتێکدا دەزانین نۆستالژیا، هەر پەیوەست نییە بە مەسەلەی زێد و نیشتمان و دوورەوڵاتییەوە، مرۆڤەکە، یان ئەدیبەکە لە چوارچێوەی سنووری وڵاتیش نەترازاوە، کەچی هەست و نەستێکی ڕابردووخوازی دایدەگرێت و ئارەزوو و خولیای قۆناغ و سەردەمەکانی بەر لە ئێستای تەمەن دەکات، یاخود بەهۆی ناخۆشی و ناسۆرییەکان مەبەستییەتی لێیان ڕابکات. لە پاڵ ئەمەشدا پزیشکی دەروونناسیش دەرفەت لە نۆستالژیا دێنێت بە نەساخی و نائاسایی و نەخۆشیبوون لە قاڵبی دەدەن، بە چەشنێك نۆستالژیا دەبەستێتەوە بە دڵەڕاوکێ و ترس و خەمۆکی و تێکشکاندنی کەسێتی ... هتد. (هەرچەندە ئەم دیاردەیە نۆستالژیا بە نەخۆشییەك دادەنرا، بەڵام هیچ جۆر دەرمانێکی بۆ بەکارنەهاتووە، چونکە لە سەدەی حەڤدەم وا باو بووە، کە ئەمە نەخۆشییەکی چارەسەرکراوە، بە گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمان). (عەبدوڵڵا،٢٠١٤، ٨).

بە بۆچوونی ئێمە نەساغی و نائاسایی و نەخۆشبوونی مرۆڤ ئەوەیە هەرگیز بیر لە ڕابردوو نەکاتەوە و بەسەرهات و ڕووداوەکانی هەست و نەستی نەبزوێنن و سۆزی بە کوڵ نێنن. کەواتە نۆستالژیا بارگاوییە بە بیرکردنەوە و هەست و نەست و سۆز و مەراقی ڕابردوو کە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام هێندە هەیە ڕێژە و ئاستەکەی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر لە هەڵکشان و داکشاندایە، بە تایبەت لە سەردەمی ئێستاماندا، ئەوەندەی هەنووکەیی تەنگی پێهەڵچنیون نەوەك بیرکردنەوە

و باس و خواسی ڕابردوو، ئه‌مه‌ش به‌و پێودانه‌ی له سه‌رده‌م و ڕۆژگاری ئه‌مڕۆماندا گه‌ر نۆستالژیا نه‌بێت، تا ڕاده‌یه‌کی زۆر ئه‌سته‌مه خۆمان بگونجێنین. هه‌روه‌ها (بتوانین وه‌ڵام و به‌رپه‌چی ئه‌و به‌سه‌رهات و ڕووداوانه‌ی که له ئێستادا به‌سه‌رماندا دێن و هه‌ڕه‌شه‌ی له نێوچوون و نه‌مانمان ده‌که‌ن بده‌ینه‌وه، نۆستالژیا ڕایه‌ڵی په‌یوه‌ندییه‌کانی دوێنێ و ئه‌مڕۆ و ئاینده‌یه، ئه‌م ڕایه‌ڵبوونه‌ش به‌رده‌وامی و زیندوویێتی و نه‌سره‌وتن به مرۆڤ ده‌به‌خشێت). (حسن، ٢٠٠١، ١٧).

له‌وانه‌یه وای دابنێین نۆستالژیا هۆکارێکی سه‌ره‌کییه بۆ له‌ده‌ستدانی توانا و بڕستی داهێنان، به‌ڵام ده‌شێت پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه ڕاست بێت به‌تایبه‌ت بۆ نووسه‌ر و ئه‌دیبانی داهێنه‌ر، نۆستالژیا هۆکارێکی سه‌ره‌کییه بۆ به‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی توانا و بڕستی داهێنان، بێگومان ئه‌مه‌ش ڕۆڵی ده‌بێت له به‌دیهێنان و ده‌سته‌به‌رکردنی زه‌مینه‌ی له‌بار و به‌رجه‌سته‌کردنی هه‌ندێك بارودۆخ و هه‌لومه‌رج بۆ پڕۆژه‌کانی داهاتوو. که‌واته نۆستالژیا، ڕۆڵی ده‌بێت له گۆڕانکاری و وه‌رچه‌رخان، له سۆنگه‌ی ئه‌وه‌ی که هه‌میشه وا وێناکراوه که ڕابردوو و ڕابردووخوازی بریتییه له سه‌پاندنی واقیعی چه‌قبه‌ستوویی، له کاتێکدا نۆستالژیا لای نووسه‌ر و ئه‌دیبانی داهێنه‌ر بریتییه له خۆگرتنی گۆڕانکاری و وه‌رچه‌رخان و فه‌راهه‌مکردنی ئه‌زموون و ژینگه‌یه‌کی له‌بار و کاریگه‌رتر و دۆزینه‌وه و ده‌ستنیشانکردنی به‌هره‌ی هونه‌ری و ئه‌ده‌بی. به واتایه‌کی تر (بیر و هه‌ست و نه‌ست و سۆز و ئه‌ندێشه‌ی مرۆڤێکی داهێنه‌ر نۆستالژیا ده‌سازێنێت، ده‌شێت ئه‌م هاوکێشه‌یه پێچه‌وانه‌که‌شی ڕاست بێت. نۆستالژیاش ئه‌زموونی نوێ دێنێته پێش و به‌هره و داهێنه‌کان به‌دیارده‌خات و ده‌چه‌سپێنێت، ئه‌مه‌ش له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌ی که په‌یوه‌ندیی نێوان نۆستالژیا و داهێنه‌ران له نووسه‌ر و ئه‌دیب و هونه‌رمه‌ندان، په‌یوه‌ندییه‌که ڕاسته‌وانه له‌گه‌ڵ یه‌کتر ده‌گۆڕێن). (هدارة، ١٩٩٩، ١١٦).

نکۆڵی له‌وه ناکرێت ته‌مه‌نی نۆستالژیا به ته‌مه‌نی مرۆڤـ و مرۆڤایه‌تییه‌وه به‌سترابێت، کاتێك مرۆڤ توانای خه‌یاڵ و بیرکردنه‌وه‌ی بۆ ڕه‌خساوه، هه‌ستاوه به ڕوونکردنه‌وه و ڕۆشنکردنه‌وه و تیشك خستنه سه‌ر ڕابردوو، بۆیه په‌یوه‌ندیی نێوان مرۆڤ و نۆستالژیا وه‌ك دیارده‌یه‌ك که په‌یوه‌سته به مرۆڤه‌کانه‌وه، په‌یوه‌ندییه‌کی

لەمێژینە و دانەبڕاون لەیەکتر، وەك چۆن خولیا و ئاوات و ئارەزوو و ئومێد لە مرۆڤەکاندا هەیە، بەهەمان شێوەی خولیا و ئاوات و ئارەزوو و ئومێد و هەست و نەست و بیر و خەیاڵ و سۆز و هەڵچوونەکان لە دیاردەیەکی وەك نۆستالژیادا هەیە، بێگومان هەموو ئەمانەش لە دەقە ئەدەبییەکاندا بە تۆخ و ڕوونی بەدیاردەکەون و پانتاییەکی بەرفراوانی ئەدەب دەسازێنن، ئەستەمە دەقێکی ئەدەبی، یان ژانرێکی ئەدەبی بەرجەستە بکەین کە هەڵگری تۆ و ماکی نۆستالژییانە و ڕەهەندەکانی نۆستالژیا نەبێت. (شیعر دەتوانێت پرۆسەی گەورەبوون و بەمرۆڤبوونمان تۆماربکات، ناکۆکییە ناوەکی و دەردە ڕۆحی تێکچوونە دەروونییەکانمان بنووسێتەوە. شیعر هەمیشە کەرەستەیەکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئەو جێگایەی کە خەیاڵ و گەشەی عەقڵی و ڕۆحی مرۆڤ پێیگەیشتووە). (عەلی، ٢٠١٢، ١٢٢). بێگومان ئەو چرپیەی نۆستالژیاش لە دەقی ئەدەبی و ژانرەکانی ئەدەب، مەرج نییە هەمووی لە ناهۆشیاری ئەدیب و داهێنەرەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو نۆستالژیا هەندێك جار بە هۆشیارییەکی ورد و قووڵی ئەدیب و داهێنەرەوە بەستراوەتەوە، لە کاتێکدا کەم تا زۆر ئاماژە و باسی ئەوە دەکرێت کە نۆستالژیا بەرهەم و بەرهەمهێنانەوەی ناهۆشیارییەکانی ئەدیب و داهێنەرانن، بێگومان ئەمەش بەپێی ئاوەز و بیرکردنەوەکان ڕەت دەکرێنەوە، چونکە نۆستالژیا هەوڵدانە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و گونجاندنە لەگەڵ ئێستادا، یان داهاتوو. ئەمەش بەو واتایەی نۆستالژیا هەر گوزارشت نییە لە ڕۆژگار و سەردەمە ڕابردووەکانی مێژوو، بەڵکو بریتییە لە خەیاڵ و بیرکردنەوە لە مێژوو و گەڕان و داڕشتنەوەیەتی، یان زیندووکردنەوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەیەتی، قبووڵکردنییەتی لە پێناو سازاندن و گونجان لەگەڵ ئێستا و داهاتوو. کەواتە (نۆستالژیا لای نووسەر و ئەدیبان بەشێکی زۆری بریتییە لە گەڕان و دۆزینەوەی ژیان و سەرچاوەی ژیان بەو پێیەی نۆستالژیا لای ئەمان بریتی نییە لە ئاماژە و واتاکانی ژیان، بەڵکو نۆستالژیا لای نووسەر و ئەدیبان خودی ژیان و ڕەهەند و سەرچاوەکانی ژیانن). (عبدە، ٢٠٠٠، ٤٣).

مرۆڤ لە ڕێگەی نۆستالژیاوە مەبەستییەتی چەشنێك لە هاوسەنگی لە نێوان ڕۆژگار و سەردەمی ڕابردوو و ئێستا و ئایندە بسازێنێت، بەو پێودانەی نۆستالژیا

گه‌ڕان و دۆزینه‌وه‌ی بوونه له ڕابردوودا له ئه‌نجامی نائاماده‌یی و نه‌بوون له ئێستادا و چه‌سپاندنی بوون و پێناسه‌كردنه‌وه‌ی ناسنامه و پڕكردنه‌وه‌ی درز و كه‌لێنه‌كانی ئێستایه، به‌هۆی به‌شدار و پشكداربوون له به‌سه‌رهات و ڕووداو و دیارده‌كانی ڕابردوو. (به‌و واتایه‌ی په‌یوه‌ندی و گونجان له نێوان یادگه و یاد و یاده‌وه‌رییه‌كانی ڕه‌نگ بداته‌وه، به تایبه‌ت ئه‌و كاته‌ی زۆربه‌ی شته‌كان له ده‌ست ده‌ده‌ین و له ده‌ست ده‌چن، نۆستالژیا ته‌ندروستانه مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ ئه‌و واقیعه له‌كه‌دار و ڕه‌شهه‌ڵگه‌ڕاوه و ڕه‌شبینییه ده‌كات كه تێكه‌وتووین، به تایبه‌ت ئه‌و كاته‌ی هیچ ترووسكایی و ئومێدێك نامێنێت به ئێستامان، به‌مه‌ش له وێستگه و وێستگه‌گه‌لی ڕابردوو خۆمان ده‌دۆزینه‌وه و بوونمان له ئێستادا نیشته‌جێ ده‌كه‌ین). (مرید،٢٠١٠، ٨٤). ئه‌مه‌ش ئه‌وه ناگه‌یێنێت به ڕه‌هایی خۆمان به ڕابردوو  به‌ستینه‌وه و به‌رده‌وام له بازنه‌ی ڕابردوودا بخولێینه‌وه و نغرۆی ڕابردوو و ڕابردووخوازی بین، به‌ڵكو ڕابردوو و ڕابردووخوازی ببێته ده‌روازه‌یه‌كی واڵا و ده‌رچوون له پشێوی و جه‌نجاڵییه‌كانی نیشتمان و ساته ناخۆشی و نه‌فره‌تییه‌كانی، كه له‌وانه‌یه به‌هه‌ر هۆكار و بارودۆخێك بێت نه‌توانین گوزارشتیان لێ بكه‌ین و بیاندركێنین.

بۆ ئه‌وه‌ی نۆستالژیا وه‌ك نه‌خۆشی و ناخۆشی و ئازارێك لێكدانه‌وه‌ی بۆ نه‌كرێت و له قاڵب نه‌درێت، به دروستی ئه‌نجامه‌كانی بكه‌وێته‌وه، پێویسته مرۆڤ ڕایه‌ڵه‌ی ڕۆژگار و سه‌رده‌م و قۆناغ و وێستگه‌كانی ژیانی به ڕابردوو و ئێستا و ئاینده‌خوازی ببه‌ستێته‌وه. (بێگومان هه‌ر ئه‌مه‌شه پارسه‌نگییه‌كان ڕاست ده‌كاته‌وه بۆ هاوسه‌نگبوونی كات ئاڕاسته‌یان ده‌كات ئه‌مه‌ش له ڕوانگه‌ی ئه‌وه‌ی نه‌كۆسته‌كانی ڕابردوو مرۆڤ تێكبشكێنن و نه ئه‌و واقیعه تاڵه‌ی ئێستا ته‌نگی پێهه‌ڵبچنن و له‌كه‌داری بكه‌ن و نه ئه‌و خه‌یاڵه‌ی ئاینده ده‌سته‌مۆ و گیرۆده و گرفتاری بكه‌ن). (قحطان، ٢٠١٤، ٦٥).

نۆستالژیا، سه‌كۆیه‌كه بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین ڕاز و نهێنی و په‌نهان و قه‌ده‌غه‌كراوه‌كانی ڕابوردوو، له ئێستادا به شانازی و شكۆبوونه‌وه ئاماژه‌یان پێبكه‌ین و ئاشكرایان بكه‌ین، له‌وانه‌یه ئه‌و هه‌لومه‌رج و بارودۆخانه‌ی ڕابردوو و ئێستامان ئاوێته‌ی یه‌كتربن، ئۆقره‌یی و هه‌دادان ئه‌نجامه‌كه‌ی بێت به‌هۆی دركاندن و

ئاشکراکردنیان و ڕزگاربوون لە فشاری نەگوتن و درکاندنیان. بێگومان وێنەیەکی لەم شێوەیەش لە ئەدەب و بە دیاریکراوی لە شیعر تەواو بەرجەستەیە. (شاعیر لە ناوەندی ڕۆحی ئەفسانەیی و ڕۆحی خۆیدا تەماشای دەکات، چونکە ئەگەر هونەری شیعر کارەساتەکانی مرۆڤایەتی بێ، ئەوا شاعیر هەوڵ دەدات لەم دەرەتانە بە هۆشیاری و توانستی داهێنان، ئەو هەستە دەروونییانەی کە لە ناوەوەیدایە و لەگەڵیدا دەژی و هەڵچووە، کاریگەری لێ نیشتووە، بۆ بەرامبەر بگوازێتەوە و تا هاوبەشی و هەست و هەڵچوون و کاریگەری ئەو بێت). (مەحموود، ٢٠٠٨، ١٤٨). لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی نۆستالژیا هێڵە ورد و درشتەکانی بە زەقی لە نێو دەق و ژانرەکانی ئەدەب وەدیار دەکەون، شاعیرانیش زێتر دەکەونە ژێر کاریگەریی سۆزی نۆستالژییانەوە.

## به‌شی دووه‌م
## پراكتیزه‌كردنی كۆستی دایاسپۆرا و سۆزی نۆستالژیا
## له قه‌سیده‌ی "خه‌دیجه گوڵاوی"ـی ماردین ئیبراهیم دا

وێكهاتنه‌وه‌ی جیهان له‌ به‌رامبه‌ر به‌ گه‌وره‌یی مانه‌وه‌ی نیشتمان به‌ لای ئێمه‌وه‌ ئه‌وانه‌ی له‌ دایاسپۆران، به‌شێكیان له‌دواجاردا ده‌گه‌نه‌ ئه‌و ئه‌نجامه‌ی كه‌ هه‌موو وڵاتانی جیهان به‌مه‌ودا و پانتایی به‌رفراوانییانه‌وه‌ هه‌نگاوبه‌هه‌نگاو له‌ به‌رامبه‌ر نیشتمان وێكدێته‌وه‌ و بچووك ده‌بنه‌وه‌ كه‌ له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌مه‌شدا سه‌ره‌ڕای پرسیار و گومانه‌كان، سه‌ركێشی و یاخیبوونه‌كان، سه‌رهه‌ڵگرتن و تووڕه‌بوونه‌كان له‌ نیشتمان، نیشتمان هه‌ر به‌ گه‌وره‌یی خۆی و به‌ ئامێزی گه‌رموگوڕییه‌وه‌ ده‌مێنێته‌وه‌. ئه‌مه‌ش لای زۆربه‌ی نووسه‌ر و  ئه‌دیبان و به‌ دیاریكراوی لای شاعیران بۆته‌ دیارده‌یه‌كی زه‌ق و ناتوانرێت نكۆڵی لێبكرێت، ئه‌وه‌ی لێره‌شدا مه‌به‌ستمانه‌ و كرۆكی باسه‌كه‌مانه‌ شاعیر و ڕۆماننووسێكی وه‌ك "ماردین ئیبراهیم"  هه‌موو پانتایی جیهان له‌ بۆنی دایك و نیشتمان و خاك و وڵات و شار و كووچه‌ و كۆڵانه‌كانی بچووك ده‌كاته‌وه‌، كه‌ گه‌وره‌یی و فراوانیی هه‌موو جیهانی ئۆقره‌یی و هه‌دادان به‌ شاعیر ڕه‌وا نابینن مه‌گه‌ر نیشتمان نه‌بێت، یان دایكی نه‌بێت، یاخود هاونیشتمانییانی نه‌بێت. به‌چه‌شنێك نیشتمانێك نادۆزێته‌وه‌ له‌ وڵات و شار و كووچه‌ و كۆڵانه‌كانی پیرۆز و جوان و به‌رفراوانتر، مرۆڤێك له‌ باوه‌شی ناكات و نایگرێته‌خۆ و نایحه‌وێنێته‌وه‌ مه‌گه‌ر دایكی پڕ له‌ سۆز و میهره‌بانی و به‌زه‌یی و دڵسۆز و خه‌مخۆری نه‌بێت، گومانی باش به‌ كه‌سێك نابات مه‌گه‌ر به‌هاونیشتمانییان نه‌بێت له‌ دڵپاكی و لێبورده‌یی و ساده‌یییان. هه‌موو ئه‌مانه‌ سه‌رله‌نوێ هیوا و بڕوا ده‌بێته‌ هانده‌ر و یه‌كێتی و ته‌نانه‌ت ده‌بێته‌ هێز و تۆكمه‌یی. سك و ئامێزی دایك له‌ چركه‌ساته‌كانی یه‌كه‌مینه‌وه‌ ده‌بنه‌ پیرۆزترین شوێنی نیشتمان و هه‌ر له‌و نیشتمانه‌ پیرۆزه‌ش ڕۆڵه‌كان گۆش و په‌روه‌رده‌ ده‌كرێن و پێده‌گه‌ن. ئیتر لێره‌وه‌ ژیان و واتا و هێماكانی ژیان ده‌ستپێده‌كه‌نه‌وه‌ و سه‌ر هه‌ڵده‌ده‌نه‌وه‌.

ڕه‌گوڕیشه‌ و بنه‌چه‌ی دایك و ته‌نانه‌ت ڕۆڵه‌كانی به‌ قووڵایی ڕۆچوونه‌ خاك و نیشتمانه‌وه‌، له‌وانه‌یه‌ هه‌ندێك جار نیشتمان لای شاعیر ئه‌وه‌نده‌ خۆشه‌ویست و

ئازیز ده‌بێت پێی ئه‌سته‌م ده‌بێت به‌سه‌ر خاك و نیشتمانه‌وه گوزه‌ر بكات، به ڕاده‌یه‌ك خۆشه‌ویستی و وه‌فادارییه‌كه بۆ خاك و نیشتمان ده‌گاته ترۆپك، شاعیر پێیخۆشه خاك و نیشتمان به‌سه‌ر جه‌سته‌ی گوزه‌ر بكه‌ن، ئه‌مه‌ش به واتای خۆبه‌ختكردن و گیانفیدایی دێت له پێناو خاك و نیشتمان. كه‌واته خاك و نیشتمان له‌گه‌ڵ دایك و ڕۆڵه‌كانی له ژوانێكی هه‌میشه‌یی و سه‌رمه‌دیدان، ئه‌گه‌ر بڕیار بێت ڕۆڵه‌كانی نیشتمان، یان هاونیشتمانییان بگۆڕێن به‌رامبه‌ر به خاك و نیشتمان، خاك و نیشتمان به‌رامبه‌ریان ناگۆڕێت و ڕوویان لێ ناچه‌رخێنێت و پشتیان تێناكات، له سۆنگه‌ی ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر ڕۆژگار و سه‌رده‌مێك ڕۆڵه‌كانی نیشتمان و هاونیشتمانییان به‌رامبه‌ر به خاك و نیشتمانه‌كه‌یان تۆران و جه‌نگان، ئه‌وا خاك و نیشتمان ئامێزی خۆشه‌ویستی و ئاشتییان بۆ ده‌كاته‌وه. بۆیه ئه‌وانه‌ی له دایاسپۆرا نائومێد و بێ هیوا ده‌بن پێیانخۆشه پێش ئه‌وه‌ی گیان بسپێرن، هه‌ر چۆنێك بێت به نه‌مری و جاویدانیی خاك و نیشتمان شادبنه‌وه گه‌ر له‌م دۆخه‌دا گیانیش بسپێرن، گیان سپاردنێكی هه‌قه، چونكه ده‌چێته خاكی زێد و خاك و نیشتمانه‌وه. ئه‌مه‌ش واتای ئه‌وه ده‌دات جیاوازییه‌كی ئه‌وتۆ به‌دی ناكرێت گه‌ر چ هاونیشتمانیی، نیشتمان بێت، یان نیشتمان، هاونیشتمانیی بێت. بۆیه لێره‌دا عاشقبوون و یه‌كبوون له نێوان نیشتمان و هاونیشتمانییان ده‌سازێت، ڕه‌نگدانه‌وه و ڕه‌نگرێژكردنی گۆشه و كووچه و شوێنه‌كانی وڵات، بێگومان په‌یوه‌سته به ئه‌وپه‌ڕی هۆشیاریی ئه‌ده‌بییه‌وه، ئه‌مه‌ش ڕه‌هه‌ندێكی مرۆڤایه‌تی هه‌یه و لایه‌نی كه‌توارخوازییه‌كه‌ی ده‌گه‌یه‌نێت، له هه‌مان كاتدا بۆ بونیادنانه‌وه‌ی نیشتمان و پێناسه‌كردنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه ئه‌ویش به گرێدانی به لایه‌نی مێژوویی و كۆمه‌ڵێك هه‌لومه‌رجی بابه‌تییه‌وه، ئه‌مه‌ش له سۆنگه‌ی ئه‌وه‌وه هێما جۆربه‌جۆره‌كانی نێو سنووری نیشتمان توخمێكی بنه‌ڕه‌تین له چۆنیه‌تی پێكهاتن و شێوه‌گرتن و خه‌مڵێنی نیشتمان، كاردانه‌وه‌ی ڕاسته‌وخۆی ده‌بێت به‌سه‌ر سه‌رخانی نه‌ته‌وه‌ییه‌وه، نیشتمان له یاد و یاده‌وه‌ری و یادگه‌دا جووڵه‌ی پێ بكرێت بۆ ئه‌وپه‌ڕی قووڵاییه‌كانی بیركردنه‌وه و تێهزرین، ئه‌مه‌ش وه‌رچه‌رخانی لێده‌كه‌وێته‌وه و هه‌نگاوێكی گرنگه و هه‌ڵوه‌سته‌كردنه له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌كه و باس و خواسه بابه‌تییه‌كان، نه‌وه‌ك خودییه‌كان، ئه‌نجامی ئه‌مه‌ش به‌ناوه‌ندیكردن و به‌چه‌قكردنی نیشتمانه نه‌وه‌ك پرس و باس و خواستێكی تر.

شاعیر، ئەدیب هەر چەندە بیەوێت لە نیشتمانەکەی ڕابکات و دەست لە ناسنامەکەی هەڵبگرێت، کەچی بێگومان ئەو نیشتمانەی بە درێژایی مێژوو لەژێر هەڕەشە و داگیرکردندا بووە، سەرخان و ژێرخانێکی سەربەخۆی نەبووە، ئەمەش وایکردووە ئەو نیشتمانە وابەستە بکرێت بە وڵاتانی تر، یان داگیرکەرانەوە. بێگومان ئەم دابەشبوونەی نیشتمانیش بە وڵاتانی تر ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت بەسەر زمان و کولتوور و هزر و ئەدەب و هونەرییەوە. ئەمەش زەمینەیەکی ترسناك دەسازێنێت بۆ ئەوەی نیشتمان بە دوور نەبێت لە فشار و ئابڵوقەدانی ماددی و مەعنەوییەوە، گۆشەگیربوون و دابڕانی نیشتمان لە نیشتمانەکانی تر و لە دەستدانی بەهای نەتەوەیی، دەشێت ئەنجامی ئەوانەش بریتی بێت لە دوورکەوتنەوە و لەدەستدانی ماف و داواکارییە ستراتیژییەکانی هاونیشتمانییانی نیشتمانێکی داگیرکراو، بەرجەستەبوونی ململانێ و پێشبڕکێی ناهاوسەنگ و نادادپەروەرانە، کە دوور نییە لە دواجاردا نیشتمان و هاونیشتمانییان ببنە قوربانی. بۆیە ئەوەی لێرەدا دەبێتە سەکۆ و زمانحاڵی نیشتمانی داگیرکراو و هاونیشتمانی قوربانی، لە سۆنگەی ئەوەی دەقە ئەدەبی و بەرهەمە هونەری و شوێنەوارە هزرییەکان ئەوەندەی دۆزینەوە و گیرسانەوەیە لە نیشتمان و هێندە ونبوون و دوورکەوتنەوە نییە تیایدا. واتە داهێنانەکان لە ئەدەب و هونەر و هزر زادەی نیشتمانن، با ئەو داهێنەرە لە سنووری نیشتمانەکە بێت، یان لە دەرەوەی نیشتمان بێت، چەقی بیرکردنەوە و هەست و نەست و خەیاڵەکانیان لە نیشتمانەوە سەرچاوەی گرتووە.

دووروڵاتی و سەرگەردانی ئەگەر بۆ هەر تاکێک شتێکی ئاسایی بێت، ئەوا بۆ شاعیر و ئەدیبان دۆخێکی تایبەت دروست دەکات. بەو پێیەی شاعیر و نووسەران زێتر لە توێژەکانی دیکە بەنێو گۆڕانکارییەکاندا ڕۆدەچن و وردبینانەتر لە دۆخە جیاجیاکان و گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریان دەڕوانن. کە دەڵێین: دۆخی تاراوگەنشینی، یاخود دایاسپۆرا بۆ شاعیر و ئەدیبان کەشێکی جیا و تایبەتە، مەبەستمان ئەوەیە شاعیر هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە پێوەندییەک لەنێوان پێنووسەکەی و ژینگەکەیدا بسازێنێت. دیارە ئەمەش پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی

ژینگە و کولتوور و دەروونی شاعیران، کە ئاڕاستەی تێڕامان و بینینی دیاردە و دۆخەکان لە بینین و تێڕامانی عەوام جیاوازیان دەکاتەوە.

دایاسپۆڕا بە گشتی دیاردەیەکە خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی قووڵی خۆیەتی. (ڕەهەندی دەروونی و کاراکتەری تایبەت و دەتوانین بڵێین: گوتاری تایبەت بە خۆشی هەیە. دۆخێکە نەک هەر سنوورە جوگرافییەکانی ژیانی پەنابەر هەڵدەگێڕێتەوە، بەڵکو گۆڕانێکی بنەماییش لە کەسێتیی ئەوی تاراوگەنشین چێ دەکات). (سیوەیلی، ٢٠٠٢، ٩). لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند و ئەدیب تێڕامان و دنیابینییان لە هیی گشت جیا دەبێتەوە (تاکی زانا و هونەرمەند، لە ڕەشە خەڵکەکە زیاتر بە ئاگایە، بۆیە غوربەتەکەیشی لەوان زیاترە، کە بڕێ جار بە ئاگاییەکەی دەبێتە تەناف و لە گەردنی دەئاڵێ). (حەسەن، ٢٠٠٨، ٥٤). بەشێکی زۆری شاعیرانمان کاتێ لە زێدی خۆیان دوور کەوتوون، یان نیشتمانیان جێهێشتووە و دوور لە وڵات ژیاون، کاریگەری لەسەر پێنووس و دنیای شیعرەکانیاندا هەبووە. کەم تا زۆر هەستی دوورەزێدی و نامۆیی و بیرکردنی دایک و ئازیزان و نیشتمان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

"ماردین ئیبراهیم" یەکێکە لەو شاعیر و نووسەرانەی کە ماوەیەک لە هەندەراندا ژیاوە، تاڵی و تفتی و دووری لە دایک و نیشتمانی چەشتووە، بەڵام ئەگەر دایاسپۆڕا و غەریبی بۆ شاعیر دۆخێکی ناهەموار و نالەباری هێنابێتە کایەوە، ئەوا بۆ دنیای شیعری کوردی دۆخەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە ئێشی دوورەزێدی و نۆستالژیای شاعیر دەبنە مایەی لەدایکبوونی چامەیەکی دڵنشین تەژیی وێنەی هونەری و وشەی نازک، بە ناوی "خەدیجەی گوڵاوی".

### ناونیشانی قەسیدەکە

"تۆ مەچۆ بۆ شەڕ" ناوی کۆشیعری "ماردین ئیبراهیم"ە، لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاو کراوەتەوە، کە یازدە شیعر بە ناونیشانەکانی (نەینەوا، بەیەکەوە پاڵمان بە جۆڵانەکەوە نا، خەدیجەی گوڵاوی، تۆ مەچۆ بۆ شەڕ، فلاورا و پڵنگەکان، ڕافئیل، پێنج پیاوی وەحشی بووین، خوشکەکانم، تاعوون، یاسەمینەکانی مردن، ماریانا) لە خۆ دەگرێت.

"خەدیجە گوڵاوی" یەکێکە لە شیعرەکانی ئەم کۆشیعرە. شاعیر لە بەریتانیاوە بۆ "خەدیجە"ی دایکی هۆنیویەتییەوە، بەگوێرەی هەڤپەیڤینێک لەگەڵ شاعیردا (سەروەختی نووسینی ئەم شیعرە خەدیجەی دایکی نەخۆشە) دیارە هەواڵی نەساغیی دایکی باری کۆڤانەکانی لە دایاسپۆرادا گرانتر دەکات.

سیفەتی "گوڵاوی"ــی لێرەدا دەشێت هێما و ئاماژە و وێنەیەك بێت بۆ گوزارشتکردن لە دووریی نێوان شاعیر و دایکی، یان شاعیر و نیشتمان، بەو مانایەی ئەگەرچی مەودای نێوانیان دوورودرێژە، بەڵام "خەدیجە" بۆن و گوڵاوێکە بەرامەکەی بۆ مەودا دوورەکانیش دەچێت، ئەو بەرامەیەی لە نیشتمانەوە بۆ دایاسپۆرا، ئومێد و ئاسوودەیی بە شاعیر دەبەخشن. لەوانەیشە "خەدیجە" خودی بۆن و گوڵاوی نیشتمان بێت، کە ڕۆژێ چەندان جار خەیاڵ و هزری شاعیر بۆ کووچەکانی زێد و بەر پەنجەرە و دەرگای ناندینەکەی "خەدیجە" دەبەنەوە.

### تابلۆی سەر بەرگ

تابلۆی سەر بەرگی کۆشیعری "تۆ مەچۆ بۆ شەڕ" کۆمەڵێک ڕەمز و ئاماژە لەخۆ دەگرێت، دیارترینیان گوزارشتکردنە لە جێهێشتن و سەرهەڵگرتن و غەوارەبوون و کۆچ و سەفەر ... هتد.

لە تابلۆکەدا تەنافێک هەیە دوو ملپێچی لەسەردا هەڵخراون، یەکێکیان ژنانەیە و ڕەنگی سوورێکی کاڵە. ئەوەی دیکە پیاوانەیە و ڕەنگی تێکەڵاوییەکی ڕەش و سپییە و چەند پەڵەی سووریشی تێدان. بە بڕوای ئێمە جێهێشتنی ملپێچەکان بەسەر تەنافێکەوە گوزارشتن لە بەجێمانی یادەوەری و یادگاری لە شوێنێکدا، یاخود بە شێوازێکی دی چۆڵبوونی هەوار و جێیەک و کۆچکردنی مرۆڤەکان و جێمانی جلوبەرگ و کەلوپەلەکانیان، ئەمەش دەشێ یەکانگیر بێت لەگەڵ جێهێشتنی نیشتمان و دایک. هەروەها چەند چۆلەکەیەک لە نزیک تەنافەکەدا هەن، وا دیارە زۆر بێ ترس هەڵنیشتوونەتەوە کە دەکرێت مەبەست لێی جێیەکی چۆڵکراو بێت، یان نەبوونی مرۆڤ لەم نێوەدا.

**دایاسپۆڕا و دایک**

شاعیر سەروەختی ژیان لەوێ و ئەو دەمەی بڕی نیشتمان دەکات، بۆ "خەدیجە"ــی دایکی دەنووسێت. هەستی غەریبی نۆستالژی و ژیانی دایاسپۆڕا و تەواوی هەنگاوەکانی تا گەیشتن بە تاراوگە دەکاتە پەیڤ، لە دایاسپۆڕاوە بۆ "خەدیجە" دەنووسێت و پێی دەڵێت: پێت وا نەبێت مرۆڤ کە کەوتە غەریبی ئیتر خەون نابینێت، لە ڕۆما لەو ساتەوەختە زۆر سەختەکانیشیدا لە بیری زێد و دایک و نیشتمانیدا بووە:

**پێم دەڵێی غەریبەکان خەون نابینن؟**
**بەڵام من لە ڕۆما،**
**ئەو ڕۆژانەی وەک سەگ لە چارەنووسی خۆم هەڵدەهاتم**
**تۆم لە یاد بوو، تۆم لە یاد بوو ئەو کاتانەی لە یەختەکاندا دەڕشامەوە**
**لەسەر کۆنکرێتی ساردی بەندەرەکا دەخەوتم و**
**تۆم لە یاد بوو.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٠).

هاوکاتی دەربڕینی ئەم هەستی غەریبییە، نۆستالژیا باڵ بەسەر زەینی شاعیردا دەکێشێت، دەیباتەوە بۆ ڕۆژانی زووو. ڕۆژانێک کە بە خەدیجە و نیشتمانیش نامۆ نەبوو.

**کەنگێ وای لێ هات بەینی من و تۆ خەدیجە؟**
**بە بیرت نایەت**
**ژیژکێکمان هەبوو**
**لە ترسی فڕۆکەکان خۆی دەشاردەوە**
**ژیشکێکمان هەبوو**
**بە گەنجی قاڕوونمان نەدەدا.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٠).

غەریبیی وڵات و ژیانی دایاسپۆڕا شاعیر نغرۆی نۆستالژیایەکی قووڵ دەکەن، کە نەک هەر دەیگەڕێننەوە بۆ ڕابوردوو، بەڵکو دەیبەنەوە شوێن و زێدی لەدایکبوونی "خەدیجە"ــی دایکی کە "وەرانگە"یە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتانەی کە دایکی منداڵیی خۆی بۆ گێڕاوەتەوە. ئەمیش لە دایاسپۆڕا جارێکی دیکە لەگەڵ

تەمێکی شاعیرانە بەم دنیایەدا گوزەر دەکات، ئاوێتەی هەستە سادە و بێگوناهەکانی ڕۆژانی منداڵیی ژنێکی کورد دەبێت.

**بە بیرت نایەت لە وەرانگە**
**شیری بزنەکانت دەخواردەوە**
**چونکە دایکت نەمابوو؟**
**حەز ناکەم وەک شاعیرانی دی بڵێم دنیا تەم بوو**
**بەڵام دنیا تەم بوو**
**کچۆڵەیەک بووی لە ماشێن دەترسایت**
**لە تۆ وایە مانگایە و خوا کردوویەتی بە ئاسن.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٠).

**نۆستالژیا و دایک**

وەکو باسمانکرد نۆستالژیا و دایاسپۆرا دووانەی لێکدانەبڕاون، یاخود بە واتایەکی دیکە نۆستالژیا لە زەینی ئەوانەدا جیا نابێتەوە، کە لە دایاسپۆرادا دەژین، بە تایبەتیش لە ساتە دژوارەکان و دەمی نەهامەتی و کۆسپەکانی سەر ڕێگا، چونکە ئەو دەم مرۆ زێتر هەستی غەریبی و نۆستالژیا داگیری دەکەن.

**پێم دەڵێی کوڕەکان ڕەحم لە دڵیاندا نییە؟**
**من لە کۆرنسۆس، ئەو شەوانەی لای ماسیگرەکان خۆم گەرم دەکردەوە**
**تۆم لە یاد بوو.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣١).

لێرەدا هەست دەکەین شاعیر لەگەڵ ئەوەی لە ترۆپکی ئازارچەشتن و ئێشدا بووە، بەڵام هیچ کام لەمانە نەک هەر لە یاد و بیری "خەدیجە"دا داینابڕن، بگرە زیاتریش یادی"خەدیجە"و نیشتمانی "خەدیجە"ی بۆ دەهێنن.

"کۆرنسۆس" کە دوورگەیەکە لە یۆنان و شاعیر چەند ڕۆژێکی تەژی ئازار لەم دوورگەیەدا تێدەپەڕێنێت و لەگەڵ هەموو ئێشەکانیشیدا قووڵتر بەنێو یادی "خەدیجە"دا ڕۆدەچێت. تەنانەت پەرستشەکان و ئەو ساتانەش کە قڕشەکانی دەریای ئیجەی ڕاویدەنێن، نەیانتوانیوە سۆزی نۆستالۆژیا و هەستی غەریبی لە بیری شاعیر ببەنەوە.

**تۆم لە یاد بوو ئەو دەمەو عەسرانەی لەناو بەلەمەکاندا قورئانم دەخوێند**

**لە ئیجەدا قڕشەکان ڕاویان دەنام و تۆم لە یاد بوو.** (ئیبراهیم، ۲۰۱۵، ۳۱).

جگە لەمەش شاعیر لە سیفەتی فریودەرانەی دنیا دەدوێت و وەک پەیامێک ئاڕاستەی "خەدیجە"ـی دەکات. ئێمە هاوکات دەتوانین وەکو سیمبۆڵێک بۆ ئەو وێنایەی کە شاعیر بەر لە چوونی بۆ هەندەران بەرانبەر بە دایاسپۆرا هەیبووە، مامەڵەی لەتەکدا بکەین، بە واتایەکی دیکە هەموو ئەو وێنانەی دایاسپۆرا کە لە زەین و خەیاڵی شاعیردا هەبوونە، وەختێ شاعیر ئاوێتەی واقیعەکە دەبێت، پێچەوانە دەبنەوە و دایاسپۆرا ئەو دنیایە نەبووە کە شاعیر وێنای بۆ کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەم ئێش و ئازارانەی لە هەندەراندا تووشی شاعیر دێن. دواجار شاعیر بۆ ساتەکانی بەر لە فریوخواردن و شەیدابوونی تاڵە زیوینە فریودەرەکان و کازیوەی سەرەڕێ دەگەڕێننەوە.

**دنیا وایە خەدیجە**

**یەکەم جار زەردەپەڕت بۆ دەڕازێنێتەوە**

**تا فریوی تاڵە زیوینەکانی بخۆیت**

**کازیوە دەهێنێتە سەر ڕێت**

**تا بکەویتە داوی نەسیمی سبەینانی** (ئیبراهیم، ۲۰۱۵، ۳۱).

بەو پێیەی چامەکە لە تاراوگەدا نووسراوە، نزیکەی هەموو وشەکان بۆنی غەریبی دەدەن، لە لایەکی ترەوە نۆستالژیا وەکو هەورێکە بەسەر تەواوی ئاسمانی دەقەکەدا. بۆیە هەر دێڕێکی چامەکە وەربگرین و لێی وردبینەوە، بێ ئەوەی ئاگامان لێبێت، دەمانباتەوە ئەو وڵات و شارانەی شاعیر ڕۆژانی دووروڵاتی تیایاندا ژیاوە و یادی یاران و کەس و ئازیزانی تیایاندا هۆنیوەتەوە.

## خەون و نۆستالژیا

سایکۆی پەنابەریش وایە هەردەم لە بیری نیشتمان و ئازیزانیدایە، یادیان دەکاتەوە یان خەویان پێوە دەبینێت. شاعیر کە ماوەیەکی زۆر لە "لەندەن" ژیاوە و

چامه‌كه‌شی هه‌ر له‌وێ نووسیوه‌، بۆیه‌ هه‌موو ئه‌و جارانه‌ی نیشتمانی دێته‌ خه‌وه‌وه‌، كاتێ هۆشیار ده‌بێته‌وه‌ خۆی له‌ هۆتێلێكی كپی "له‌نده‌ن" یان "وان" یانیش "ته‌وریز"دا ده‌بینێته‌وه‌.

**هه‌ر شه‌وه‌ی دێته‌ خه‌ونێكمه‌وه‌**
**شه‌وێكیان كاروانچییه‌ و قورئان ده‌بات بۆ ته‌لئه‌بیب**
**ته‌ورات ده‌بات بۆ مه‌دینه‌**
**شه‌وێكیان له‌گه‌ڵ زه‌ندیقه‌كان**
**له‌ په‌نای ئاگرێك داده‌نیشێت**
**كه‌ به‌ خه‌به‌ریش دێم**
**یان له‌ ئوتێلێكی كپدام له‌ له‌نده‌ن،**
**یان له‌ گه‌وڕێكدام له‌ وان،**
**یان له‌ زیندانێكدام له‌ ته‌وریز.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٢).

**دایاسپۆڕا و چاره‌نووس**

باسكردنی ئێش و ژانه‌ زۆره‌كانی ژیانی دووره‌وڵاتی، ئه‌و ڕاستییه‌مان پێده‌ڵێن: كه‌ ئه‌وی تاراوگه‌نشین ناتوانێت به‌ كه‌یفسازی و ئاسووده‌یی بژیت، هه‌تا ئه‌گه‌ر له‌وێ زۆریش پۆشته‌ و په‌رداخ بێت، به‌ڵام درزێك هه‌ر ده‌مێنێته‌وه‌ تا نیگه‌رانییه‌كانی لێوه‌ بێنه‌ ژووره‌وه‌ و ببێته‌ مایه‌ی شیوه‌ن و زاری، بۆیه‌ ده‌بێ له‌ دایاسپۆرا هه‌موو ده‌م ئاماده‌بین بۆ پێشهاته‌ ناخۆشه‌كانی ژیان كه‌ چه‌شنی گورگێك هه‌ڵمانلووشێت و وه‌ك "یوسفی كه‌نعان"ـی بزرمان بكات.

**له‌ ده‌شتی كه‌نعانیش نه‌بێت، ڕۆژێك گورگێك هه‌ر ده‌مانخوات**
**عاشووراش نه‌بێت هه‌ر شیوه‌ن زۆره‌ بیكه‌ین.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣١).

به‌ هه‌ر نرخێك بێت، مرۆڤ ئه‌و ئاسووده‌ییه‌ی له‌ نیشتمان و له‌ باوه‌شی دایكیدا بۆی مه‌یسه‌ر ده‌بێت، له‌ هیچ جێیه‌كی دیكه‌ ده‌ستی ناكه‌وێت. بۆیه‌ ئه‌گه‌ر گه‌دایه‌كی ده‌ركراویش بێت و وه‌ك پشیله‌یه‌ك بێت له‌به‌ر په‌نجه‌ره‌ی دایكی و

نیشتماندا، شکۆماندانەترە لە چاو ژیان لە دایاسپۆڕادا. ئەمەش ڕەنگە زادەی ئەو تاسە زۆرەی شاعیر بێت، بۆ زێد و نیشتمان لە سەروەختی ژیانی لە تاراوگەدا. نیشتمان بۆ شاعیر بە هەموو کرێتی و نەنگییەکانییەوە، جیهانێکە تەژی لە جوانی.

نە قسەی ڕەقی خزمان لە دڵ دەگرێت و نە بۆڵەبۆڵی دراوسێ و سووکایەتیش بە گوێیدا دەچن. ئەو لە بەندی هاتنی بەهارێکە تا هاوشانی پەڕەسێلکەکان بۆ حەوشە و بەر پەنجەرەی "خەدیجە" بگەڕێتەوە.

**قسەی ڕەقی خزمانم لە دڵ ناگرم**
**وەک گەدایەکی دەرکراو دێمەوە بەر دەرگاکەتان**
**گوێم لە بۆڵەبۆڵی دراوسێ کەڕ دەکەم**
**لەگەڵ پەڕەسێلکەکاندا دێمەوە حەوشەکەتان**
**چش لەو سووکایەتییەی پێم دەکرێت**
**وەک پشیلە دێمەوە بەر پەنجەرەتان.** (ماردین ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٢ ــ ٣٣).

**نۆستالژیا و ڕابوردوو**

وەختێ "خەدیجە" بە گالیسکەیەکی شین هەڵدێت و ون دەبێت، سیمای گەردوون دەگۆڕێت، مانگ وەکو ئەو دەفە دڕاوەی لێدێت کە کەڵکی ژەنینی نەماوە، زەوییش بە ماندوویی لە فەزادا دەخولێتەوە و هەورەکانیش پەرێشان دەبن.

**ئەو ڕۆژەی خەدیجە بە بەلەمێکی شین هەڵات**
**مانگ دەفێکی دڕاو بوو بە ئاسماندا خلۆر دەبووەوە**
**زەوی مزراحێکی ماندوو بوو لە فەزادا دەخولایەوە**
**خەدیجە بە گالیسکەیەکی شین بەناو**
**هەورە پەرێشانەکاندا ڕۆیشت.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٣).

درەنگ تێپەڕینی کاتەکان لە دایاسپۆڕا چاکترین ڕێگایە بۆ نقوومکردنی شاعیر لەنێو نۆستالژیادا و بە بیر خۆ هێنانەوەی ڕۆژانی منداڵیی. ناوهێنانی "کیسەڵ" لێرەدا دەشێ ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کە کاتەکان بە هێواشی و بە سەختی تێدەپەڕن.

شاعیر لە چەند دێڕێکی چامەکەدا بۆ "خەدیجە" دەنووسێت: (بە بیرت نایەت)، کە گوزارشتە بۆ ڕابوردوو و گەڕانەوە بۆ دەمەکانی بەر لە دایاسپۆرا.

**بە بیرت نایەت کیسەڵێکمان هەبوو**

**لە گرمەی تۆپەکان دەترسا؟**

**کیسەڵێکمان هەبوو، نەیدەزانی ڕا بکات.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٣).

پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد نۆستالژیا باڵی بەسەر نزیکەی هەموو پەیامەکەدا کێشاوە. شاعیر کە لە هەندەراندا ئەم چامەیەی نووسیوە و لەگەڵ هەر دێڕێکیشدا نۆستالژیا شاعیر بۆ ڕۆژانی زوو دەباتەوە، شاعیر پێنگاڤ پێنگاڤ ژیانی نیشتمان دێنێتەوە نێو یادگەی، تەنانەت ئەو ئێوارەیشی وەبیری خۆی دێنێتەوە، کە بۆ یەکەم جار دێن بۆ شار و "خەدیجە" لەگەڵ ڕووناکیی گڵۆپەکاندا شاگەشکە دەبێت. لەم چامەیەدا کە بۆ "خەدیجە" نووسراوە شاعیر هەوڵدەدات ئەم نۆستالژیایەی لەگەڵدا بەش بکات و بە شێوەی پرسیارکردن "خەدیجە"ـش لەگەڵ خۆی بۆ هەمان سات بباتەوە.

**بیرت نەماوە یەکەم جار هاتیتە شار؟**

**حەز ناکەم وەک شاعیرانی دی بڵێم ئێوارە بوو**

**بەڵام ئێوارە بوو**

**ڕووناکیی گڵۆپەکان بە شەوارەیان خستیت.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٤).

خەونبینین بە نیشتمان و بیرکردنەوە لەوەی ئاخۆ لە نەبوونی ئەودا چی لە نیشتماندا گۆڕاوە، بەشێکی دی نۆستالژیای شاعیرن، ڕاڕایی دەخەنە گیانی ئاخۆ هەمان جێگە و پێگەی پێشانی لە لای دایک و لە دڵی ئازیزانیدا ماوە؟! یان نا؟! لە خەوەکانیدا ئەوەی پێدەڵێن: خەدیجە ئیتر خۆشی ناوێت و نزا بۆ بە ڕاست نەگەڕانی ئەم خەونە دەکات.

**لە خەونمدا خەدیجە خۆشی نەدەویستم**

**یا ڕەببی بەڕاست نەگەڕێت ئەو خەونە.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٤).

دایک و نیشتمان لە چامەی "خەدیجە گوڵاوی"ـدا نزیکەی هەمان پێگە و شوێنیان پێدراوە، یان لە ڕووی مەبەستی بەکارهێنان ئاماژە و ئەوەندە وابەستەی

یەکدی کراون، لە هەندێک دێڕدا جیاکردنەوەیان ئەستەمە. بە جۆرێک ئەو ئومێد و ئەوینەی "خەدیجە" بە شاعیری بەخشیوە، لە نیشتمانیشدا بەدی دەکرێت. سەروەختی دایاسپۆڕا شاعیر درک بەو ئومێد و دڵنیاییە دەکات، کە ئامێزی نیشتمان و دایک پێیاندەبەخشی و لەوێشدا ئەم چرایەی ساتە تاریکەکان و کۆڵەکەی دەمی چەمانەوە بەدی ناکرێت.

**دنیا تۆفان با ئەو نوامان بوو**
**ئاگرباران با ماڵەکەی ئەو پەنامان بوو**
**کە نائومێدی دەیچەماندینەوە، ئەو کۆڵەکەیەک بوو**
**پشتمان پێ دەدا، ئەو چرامان بوو.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٥).

دەشێت لێرەدا "ماڵەکەی ئەو" وەکو سیمبۆڵێک بۆ نیشتمان و ئاماژەیەکیش بۆ ماڵی دایک "خەدیجە" بێت. وەختێ مرۆ قەدری نیشتمان و ئامێزی دایک نازانێت وەکو دەڵێت: لانە و پەناگەمان بوو و ڕێی نائومێدبوونمانی دەگرت، کەچی ئێمە تفمان کردە کانییەکانی. ئەمە نیشاندانی نۆستالژیایشە کە پەیوەستە بە وێنە و چیرۆکی منداڵی ئەوینی نیشتمانیش، کە لە هزری شاعیری دوورەوڵاتدا جیانابنەوە.

**کەچی ئێمە پەنجەرەکانیمان دەشکاند**
**تفمان دەکردە کانییەکانیەوە.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٦).

## دایاسپۆڕا و پەشیمانی

سروشتی مرۆڤ وایە، دوای لەدەستدانی شتەکان، زیاتر پێیانەوە پەیوەست دەبێت و بیر لە بەهای ڕاست و جوانییەکانی دەکاتەوە. بۆ شاعیرێکیش بە هەر هۆکارێک زێد و وڵاتی دایکی جێ هێشتبێت، سۆزی نۆستالژیا هەموو ڕۆژێک دەیبەنەوە بەردەم پەیکەری دایک و بە دەم خەیاڵی پاککردنەوەی پەیکەری دایک و نیشتمان ماندوو دەبێت، دواجار بێهوودە بۆ نێو واقیع دەگەڕێتەوە.

**ئێستاش دوای ئەوەی بە بەلەمێکی شین هەڵات**
**زمانمان ئاوسا هێندەی ناوی بێنین**
**ڕۆژێک تەوتەمێکە پەنای بۆ دەبەین**
**ڕۆژێک پەیکەرێکە پاکی دەکەینەوە.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٦).

زۆر مانەوە لە دایاسپۆڕا دواجار وا لە شاعیر دەکات خۆی لەگەڵ ژینگەی نوێدا ڕابهێنێت و بەم واقیعەی تێیکەوتووە ڕازی ببێت، ئەگەرچی چەند دژواریش بێت، بەو مانایەی دابڕان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دواجار مرۆڤ بە ساتەوەختێک دەگەیەنن جۆرێک لە گونجان و دەستەمۆیی لە ژینگە تازەکەی بە دەست بهێنێت.

**تازە ئەوەی چوو؛ چوو.. خەدیجە!**
**شەرت بێت لەتاوت پشت بکەمە بەلەمەکان**
**پشت بکەمە ماسیگران و تۆڕەکانیان**
**باجگران و مۆرەکانیان**
**قەشەکان و کتێبەکانیان**
**تاوانکاران و گوناهەکانی نێو دڵیان**
**دەموچاوم بخەمە دەستمەوە و بڵێم:**
**توخوا دنیا چییە؟** (ماردین ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٦).

بە بڕوای ئێمە ئەو پەیوەندییەی نیشتمان و مرۆڤ یەکدەخات، پەیوەندییەکی ڕۆحییە، بەو مانایەی مرۆڤ ئەگەر چەندان ساڵیش دوور لە نیشتمان و زێدی خۆی بژیت، بەڵام دواجار هەر چاوی لەوەیە ڕۆژێک بێت و بۆ نیشتمانی خۆی بگەڕێتەوە، جا بە بۆنەی ئەوەی شاعیر و هونەرمەندان هەستیارترن، دەبینین بەشێکی زۆری گۆرانیبێژانمان گۆرانییان بۆ وڵات و گەڕانەوە بۆ وڵات چڕیوە. (سایکۆلۆجیای مرۆڤی هاڤی وەهایە، ئەو لە وڵاتی غەریبی، ئەگەر لە دۆخێکی باشی تەندروستیشدا بێت و دەرامەتێکی کۆکیشی هەبێت و تەواویش ئازاد بێ، هێشتاش غەریبی هەر غەریبییە و دووریی نیشتمان دەردێکی گرانە. نیشتمان کاڵایەک نییە قەرەبوو بکرێتەوە... ئەو بە ڕۆح و بە جەستە غەریبە، غەریبیی ڕۆح خەرامانی نییە، هەرچییەک بکەی ئەو خەرەندەت بۆ پڕنابێتەوە، ئەوی نامۆ وەک بۆ ئاگر هاتبێ، لە بیری دەرفەتێکدایە بۆ گەڕانەوە). (حەسەن، ٢٠٠٨، ٥٢-٥٣).

**منداڵێک بم مشکەکانی ماڵەکەت ڕاو بنێم**
**خۆشترە لەوەی ئیمپڕاتۆڕێک بم**
**پشیلەیەک بم لە موبەقەکەدا بخەوم**
**خۆشترە لەوەی حاکمی شارێک بم.** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ٣٦ـ٣٧).

## ئەنجام

١ـ ئاشکرایە نۆستالژیا لە سەردەم و قۆناغی ڕابردوودا ئاماژەبووە بۆ ئەو ئازار و ناخۆشی و نەخۆشییانەی کە تەنگ بە مرۆڤەکە هەڵدەچنن بەهۆی گەڕانەوەی بۆ ژیان و ژینگەی ڕابردووییەوە، بەڵام نۆستالژیا مەرج نییە هەر گوزارشت بێت لە هەست و نەستێکی نەرێنیبوون، بەڵکو دەبێتە سۆزێکیش بۆ ڕابوردوو. بەشێک لە ئێمەی مرۆڤ، یان بە دیاریکراوی بەشێک لە شاعیر و داهێنەران لەم سۆزەی ڕابردووخوازییان شکۆ و سەروەرییان بەدی دەکەن. ئەگەرچی نۆستالژیا پەیوەست بێت بە سەردەم و قۆناغ و گوتاری ڕابردووخوازییەوە، بەڵام داهێنەرانی ئەدەب لە ڕێی نۆستالژیاوە، لە ئێستا و ئایندەدا هەبوونیان دەسەلمێنن.

٢ـ نۆستالژیا لای شاعیر و ئەدیبی داهێنەر جۆرێکە لە یادەوەرییەکانی، ئەم یادەوەرییە هەڵدەکشێت بۆ ئەفراندن، ئەمەش لە ئەنجامی چێژوەرگرتنە لە بەشێک لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، ئینجا وەرگێڕانیان بۆ پرۆسەی نووسین و گواستنەوەیان بۆ نێو دەق، دواجار خوێنەریش چێژ لەم ساتانە وەردەگرێت.

٣- ماردین ئیبراهیم وەک شاعیرێک، دواتر وەک ڕۆماننووسێک لە دوای کۆتایی ساڵانی نەوەدەوە لە ڕێی شیعری (ماریانا)ــوە، خوێنەرانی کورد پێی ئاشنا دەبن. شاعیر تەنیا لە ئەزموونی ناوەوەی هەڵنەمژیوە بە مەبەستی برەودان بە دەقەکانی، بەڵکو ئەزموون و دنیابینی بەرفراوانتر بووە بەهۆی دایاسپۆڕاوە. بۆ ئەم مەبەستە لە چوارچێوەی کۆبەرهەمە شیعرییەکانی بە ناونیشانی ( تۆ مەچۆ بۆ شەڕ) مەسەلە و بابەت و باس و خواسی (دایاسپۆڕا) و (نۆستالژیا) دەبنە دووانەیەکی هاودەم و لەیەکتر دانەبڕاو، بە دیاریکراوی لە قەسیدەی (بۆ خەدیجە گوڵاوی)ــیدا خۆیان لە ترۆپکدا دەدۆزنەوە. شاعیر بە چاکیی دەستی بە هونەری گێڕانەوە گەیشتووە و دەسەڵاتی بەسەردا شکاوە، بۆیە لە ڕێی گێڕانەوەوە ئەزموونی دایاسپۆڕا دەنووسێتەوە، هەست و سۆزە نۆستالژیاکانی ئاشکرا دەکات.

٤- قەسیدەی (خەدیجە گوڵاوی)ــی، بارگاوییە بە پرس و ئارێشە و پرسیارە بووناسییەکان (ئەنتۆلۆژییەکان)ـی مرۆڤ، وەک: مەرگ، ژیان، عەشق، بوون و نەبوون، قوربانیدان، خۆنەویستی، گەڕان، گومان، سەفەر، گەڕان، دۆزینەوە و

ناسینەوە...هتد. کە هەریەک لەمانە بە نەمریی دەمێننەوە، لەبەرامبەردا مرۆڤەکان تێدەپەڕێنن. بێگومان خەسڵەتی هەرە سەرەکی دەقی زیندووش ئەوەیە ئامێز لە پرس و ئاریشە و پرسیارەکانی بووناسی (ئەنتۆلۆژی)ـی بکاتەوە، بەشێوەیەکی ڕاستگۆیییانە ئاوڕی لێبدرێتەوە. هەروەها شاعیر لە دووتوێی ئەم قەسیدەیەدا خوازیاری ئەوە نەبووە واقیعی (دایاسپۆرا) و هەقیقەتی (نۆستالژیا) بە زۆرەملێ بمەزرێنێت و ئارایشتیان بکات، چونکە پێیوایە واقیع و هەقیقەت بە ئارایشتکراوی لە دووتوێی دەقێکی ئەدەبییدا، ئەدەبێکی ئایدیۆلۆژی بەرهەمەکەیەتی، کە بێگومان ئەم بەرهەمەش تاڕادەیەکی زۆر داماڵراوە لە بنەمای جوانیناسانە.

٥ــ قەسیدەی (بۆ خەدیجە گوڵاوی)ــی، شاعیر بۆ دایکی هۆنیویەتیەوە، بەڵام کاتێک خوێنەر لە قەسیدەکە ڕادەمێنێت، تەنیا هەست بە تاڵە موویەکی باریک دەکات لە نێوان دایک و نیشتمان، کە هەندێک جار ئەم تاڵە موویەی نێوانیان ون دەبێت. شاعیر مەبەستییەتی لە ڕێی ئەم قەسیدەیەوە جاویدانی بە دایک ببەخشێت، کە وەک نیشتمان بوونێکی سەرمەدی و جاویدانی هەبێت. گوڵاو، ڕاستە ناوی شوێنێکە، گوندێکە بەڵام ئاماژە و واتاکانی بەرفراوانن، بۆن و بەرامی خاک و نیشتمانی لێدێت، ئامێز لە دایکی شاعیر دەئاڵێنێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

**کتێبی کوردی:**


ـ بەرزنجی، ئازاد (٢٠١١)، نیگاکان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ـ ئیبراهیم، هیلال (٢٠١٠)، باخی کوشتن، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ـ ئیبراهیم، ماردین ( ٢٠١٥)، تۆ مەچۆ بۆ شەڕ، سلێمانی، ناوەندی ڕەهەند.

ـ حوسێن، محەمەد تەها (٢٠١٢)، نووسینی سپی، هەولێر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما.

ـ سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٢)، دیاردەگەرایی تاراوگە، هەولێر، دەزگای ئاراس.

ـ (عەلی) بەختیار (٢٠١٢)، وەك باڵندەی جەنگەڵە ترسناکەکان، بەرگی سێهەم، سلێمانی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

ـ (مەعروف) کەمال (٢٠٠٧)، ڕەخنەی نوێی کوردی، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

ـ مەحموود، ئازاد ئەحمەد (٢٠٠٨)، شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ـ حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠٠٨)، هێمن و بۆنی غەریبی، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.


**کتێبی عەرەبی:**


ـ ابراهيم، عبدالله (٢٠١١)، السرد والامبراطورية والتجربة الاستعمارية، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

ـ ابراهيم، عبدالله (٢٠١٢)، الكتابة والمنفى، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

ـ اسعد، يوسف ميخائيل (٢٠٠٠)، سيكولوجية الابداع، القاهرة، دار القلم للطباعة والنشر.

ـ برقاواي، أحمد (٢٠١٤)، أنطولوجيا الذات، بيروت، المركز الثقافي العربي.

ـ الجيوري، وهيب يحيى (٢٠٠٧)، الغربة والحنين في الشعر العربي الحديث، بيروت، دار محمد لاوي للنشر والتوزيع.

ـ الدباغ، مصطفى مراد (٢٠٠١)، في سياق سرديات الشتات، القاهرة، المجلس الاعلى للثقافة.

ـ حسن، جواد حسن (٢٠٠١)، شعراء الحنين والغربة، بيروت ـ القاهرة، دار الجيل ومكتبة النهضة المصرية.

ـ حنفي، ساري (٢٠١١)، هنا و هناك، فلسطين، المؤسسة الفلسطينية لدراسة الديموقراطية.

ـ ربيع، منعم (٢٠٠٦)، الادب النوستالوجى الحديث، عمان، دار الفكر للنشر والتوزيع.

ـ السراج، نادرة جميل (٢٠٠٧)، شعراء الرابطة القلمية، القاهرة، دارالمعارف.

ـ (شقيرات) أحمد عودة (١٩٩٩)، الاغتراب فى شعر السياب، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع.
ـ طحطح، فاطمة (٢٠١٩)، الغربة والحنين في الشعر الاندلسي، الدار البيضاء، منشورات كلية الاداب بالرباط، مطبعة النجاح الجديدة.
ـ قحطان، فاطمة يحيى (٢٠١٤)، الغربة الزمكانية فى الشعر الحديث، الاردن، دار دجلة.
ـ عبده، مسلم عبدالعزيز (٢٠٠٠)، الطبيعة في الشعر الحديث، دمشق، دار قدمس.
ـ مغنية، أحمد جواد (٢٠٠٤)، الغربة فى شعر محمود درويش، لبنان، دار الفارابي.
ـ مريد، على عادل (٢٠١٠)، قصة الادب العائدين، المغرب، دار توبقال.
ـ هدارة، محمود سليم (١٩٩٩)، لغة الحنين، بيروت، دار صادر.
ـ يعقوب، مجمدالدين (٢٠٠٧)، القاموس المحيط، بيروت، دارالجيل.

**نامەی ئەکادیمی:**

**نامەی ماستەر:**

ـ عەبدوڵلا، سۆران مامەند (٢٠١٤)، نۆستالۆژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی.

**تێزی دکتۆرا:**

ـ عزیز، کیفی محمد (٢٠١٩)، لێکەوتەکانی تاراوگە لە ڕۆمانی کوردیدا، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی ئاداب، بەشی زمانی کوردی.

## الملخص

## (انحطاط دایاسبورا وعاطفة نوستالجیا في قصیدة " خدیجة العطرة" لـماردین إبراهیم)

تتكون هذه الدراسة من فصلین، الفصل الأول یحتوي محورین معنونین بـدیاسبورا بین التماسك وعدم التماسك في وطن آخر، ونوستالجیا بین البقاء في دائرة الماضي والانطلاق نحو الحاضر والمستقبل، أما الفصل الثاني كله، هو الجانب التطبیقي لانحطاط دایاسبورا وعاطفة نوستالجیا في القصیدة هذه لـماردین إبراهیم.

مسألة دایاسبورا ونوستالجیا كانت عریضة في إطار الأدب الكوردي المعاصر عامة والشعر المعاصر خاصة. وهما متعلقتان بمسائل حساسة أخرى مثل: الهویة القومیة والوطن وأبعاد سیاسیة واجتماعیة واقتصادیة وثقافیة و... الخ.

## Abstract

### "Diaspora's Grief and Nostalgia's Emotion in the Mardin Ibrahim's poem of "*Khadijay Gulawey*"

This study is entitled "Diaspora's Grief and Nostalgia's Emotion in Mardin Ibrahim's poem "*KhadijayGulawey*". It is divided into two sections. The first section covers two aspects entitled "diaspora between living (residence) and not living in other country", as well as nostalgia between survival in the past circle and the way forward towards now and future. The second section examines the practice of diaspora's grief in the mentioned poem of Mardin Ibrahim. The issue of the diaspora and nostalgia have a firm ground in modernKurdish literature and poetry. Both concepts are related to number of sensitive issues such as: national identity and political, social, economic and cultural dimensions…etc